

# ئەدەبی تورکمانی

★میللەتێك هەن كە ساڵەهای ساڵە لەگەڵماندا دەژین لەسەر یەك خاكو یەك چارەنووس كۆمان دەكاتەوە، وەلێ بەداخەوە شتێكی ئەوتۆ دەربارەی یەكتری نازانین!

بۆ پڕكردنەوەی لایەنێكی ئەو شارەزانەبوونە لەیەكتری "ئایندە" بەچاكی زانی مەلەفێك دەربارەی ئەدەبی توركمانی بكاتەوە، ئەویش بەمەبەستی ناساندنی ئەو ئەدەبە بەنووسەرانی كورد. ئەگەرچی ئەوەی ئێمە كردوومانە شتێكی كەمەو نەدەكرا لە گۆڤارێكدا ئەو هەموو لایەنە كۆبكرێتەوە كە لە ئەدەبی توركمانیدا هەیە، بەڵام مەبدەئی كرانەوەكەمان بەلاوە گرنگە. دەبوو ژمارەیەكی تایبەتی گۆڤارەكە بۆ ئەو ئەدەبە تەرخان بكەین، با ئەوە خواستی داهاتوومان بێت.

★گرنگیدان بە ئەدەبی توركمانی لە دەرەوەی هەندێ بینینی بۆ ناساندنی هاومرۆڤەكانی نزیكمان، ئەوانەی كە لە وڵاتێكدا پێكەوە دەژین و هیچ لە بارەی ئەدەبەكەیانەوە نازانین، ئیدی با زۆر دەوڵەمەندیش نەبن لە داهێناندا.

★لایەنێكی تریش لە گرنگیی ئەم تەوەرە لەوەدایە كە ئەمڕۆ هێزە سەرەكییەكانی گۆڕەپانی سیاسی و كۆمەڵایەتی بانگەشەی پێكەوەژیان و لێبوردەیی و پاراستنی مۆركی زمان و نەتەوە دەكەن، ئیدی تۆ بڵێیت ئەدەب لەم بانگەشەكردنەدا پشكێكی كەمی بەرنەكەوێت؟!

★ڕەنگە دواجار ستراتیژێكی نوێی گۆڤارەكەشمان بێت بۆ گرنگیدان بە زمان و ئەدەبی ئەو نەتەوانەی تر كە لە كوردستاندا دەژین، بەهیوای ئەوەی لە ژمارەكانی داهاتوودا تەوەرەی تایبەتیش لەسەر ئەدەبی ئاشووریو سریانی و زمانەكانی تریش بكەینەوە.

★لێرەدا بە پێویستی دەزانین سوپاسی برای چیرۆكنووس ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل بكەین كە ئەم تەوەرەی بەئەركو ماندووبوونی زۆری خۆی بۆ ئامادەكردنو بەپیر داواكەمانەوە هات، ئەگەر پەرۆشیی ئەو نەبووایە ئەو كارە بەو شێوەیە ئەستەم بوو.

-ئایندە-



# شیعری تورکمانیی نویْ

**هانی صاحب**

هەر وەکو چۆن ئەدەبی عەرەبیو کوردیو کلدوئاشوری لە عیراقدا رەگێکی مێژوویی خۆیان هەیە، خودانی کولتوورو رۆشنبیریی خۆیانن، ئەدەبی تورکمانیش لە عیراقدا مێژوویەکی دێرینی هەیەو لە هەموو بەشەکانی ئەدەبدا بێبەش نییەو لەناو ئەدەبی گەلاندا جێگای خۆیان هەیە.. بۆ نموونە داستانی شیعریی لە وێنەی (اصلی و کرم)و داستانی (کوێر اوغلو) حەکایەتو ئەفسانەی تورکمانی لەو مەسەلانە دواون کە جێگای تێڕامانو لێدوانی مرۆڤ بووە جێگای سەرنجو تێڕامانن، بەڵام تا ئێستا وەکو پێویست نەبوونەتە جێگای لێدوانی قوڵو لێکۆڵینەوەی نوێیان لەبارەوە نەکراوە، ئەو هەوڵەش نەدراوە بۆ سەر زمانانی دیکە وەربگێڕدرێن –بەتایبەتی بۆ زمانی ئەو نەتەوانەی لەگەڵ تورکماندا دەژین، وەکو کوردو عەرەبو نەتەوەکانی تر–.

شانبەشانی ئەو میراتە دەوڵەمەندە، شیعری تورکمانیش مێژووی قووڵی خۆی هەیە، کە شاعیران لە چوارینەکانیاندا کە بە (خۆیرات) ناسراوە وردەکاریی ژیانو پەیوەندییە مرۆییەکانیان پێ دەربڕیوە. تورکمان هەر لە سەردەمی کۆچەرییانەوە تاکو ئەمڕۆ دەستیان لەم تەرزە شیعرە هەڵنەگرتووە کە ژیانو بۆنەو سەروەرییەکانی خۆیانیان پێ دەردەبڕی.

مێژووی شیعری تورکمانی گەلێ ناوی درەوشاوەو نەمری تێدا پەیدابووە، لەوانە (فضولي بەغدادی– محمد فضولي بياتلي)و (عمادالدين نسيمي، کە بە حەللاجی شیعری تورکمانی دەژمێردرێ)، هەروەها (روحی)و (نەوائی) کە دوو ئەستێرەی گەشی سەرهەڵدانی شیعری تورکمانی بوون، ئەو کتێبە دە بەرگەی (عطا ترزي باشي) کە بەرهەمو ژیانی سەدان شاعیری تورکمانی تێیاندا تۆمارکردووە گەواهیی بوونو کاریگەریی شیعری تورکمانی دەردەخەن. ئەو کەلەپوورە ئەدەبییە بە هەمەڕەنگیو دەوڵەمەندی کاریگەریی گەورەی کردۆتە سەر ئەدیبو شاعیرانی تورکمان. ئەم سەردەمان، کە تا ساڵانی پەنجاکان سەدەی رابوردوو ئەدەبی کلاسی –بەتایبەتی شیعر– دەستەباڵا بوو، شاعیرانیش شوێنپێی ئەو شاعیرانەیان هەڵدەگرتو پابەندی کێشو سەروای ئەو شیعرانە بوون، بەڵام بەرەبەرە بەهۆی خوێندنەوەی و شارەزایی ئەدەبی دەوروبەری خۆیان لایانداو لە رووی بابەتو ناوەرۆکەوە جیاوازییەکە پەیدابوو. کاریگەریی دەوروبەرو رووداوەکانی رۆژگارو پەیدابوونی رێبازی ئەدەبی نوێو کاریگەریی ئەدەبی ئەو میللەتانەی لە تورکمانەوە نزیکبوون، هەموو ئەم گۆڕانکارییانە ئەدەبی تورکمانیش بەرەو پێشەوەچوونی بەخۆیەوە دی، نموونەی نوێخوازی سەری تیادا هەڵدا. زیاتر ئەم گۆڕانکارییانە لە بواری شیعردا بەرپابوو، ئیتر لەو تەوقە دەرچوو و ئاسۆیەکی دیکەی لێ هەڵهات.

ئەم نوێخوازیو تازەکردنەوەیەو شکاندنی کۆتی تەقلیدی لەسەر دەستی چەند شاعیرێك هاتە کایەوە. ئەو شیعرانەی بڵاویان کردەوە دنیایەکی تازەبوو بۆ خوێنەران. لەو شاعیرانەی جێدەستیان لەم مەیدانەدا دیارە: (د.عبداللطيف بندر اوغلو، د.عبدالخالق بياتلي، نسرين اربيللي، صلاح نورس، عطا بزرگان، كنعان سعيد، نهاد أق قوينلو)... ئەگەر لای ئەدەبی عەرەبیو کوردی لە عیراقدا شیعری نوێ، یا شیعری ئازاد ئەو بەرەنگاربوونەوە تیژەی نەدی، چونکی بونیادی ئەم تەرزە شیعرە لەگەڵ شیعری کۆنیاندا ئەو جیاوازییە قووڵەیان نەبوو، بەڵام ئەم لەدایکبوونە لە شیعری تورکمانیدا کە وەکو شیعری عەرەبی پابەندی سەرواو قاڵبێکی نەگۆڕ بوو و نەدەبوایە لە (بەحری شیعری عەرەبی) دەرچێو لە کۆنەوە شیعری تورکمانی پابەندی ئەو یاساو دەستوورە بوو، بۆیە پێشوازیکردنی ئەو تەرزە شیعرە نوێیانە کارێکی ئاسان نەبوو. خوێنەری تورکمانی پێی رانەهاتبوون، بۆیە ئەو یاساو رێسایەی شیعری کۆن دیوارێکی سەختبوو لەپێش شاعیرە نوێخوازەکان، بۆیە کە لە سەرەتای پەنجاکانەوە تا ساڵانی شەستەکان نەك هەر خوێنەریان کەمبوو، هێرشێکی ناڕەواشیان دەکرایە سەر، زۆر ئاستەنگو زەحمەتبوو هەروا بە ئاسانی لەپڕێکدا دەست لەو کەلەپوورە دێرینە هەڵگیرێ و لەپڕێکدا تەرزێکی نوێ بێتە ئاراوە، بۆیە ساڵانی پەنجاکانو سەرەتای شەستەکان بە قۆناغی دامەزراندن دەژمێردرێ، کەچی ئەدەبی عەرەبیو کوردی قۆناغێکی باشی لەم بوارەدا بڕیبوو.

ئەم شەپۆلە نوێیە، پشتلێکردن بوو لە بینـای شـیعری کلاسـیو وازهێنـان بـوو لـە سـەروای تەقلیـدیو یاخیبوونێك بوو لە کێشو بەحری شیعری عەرەبیو دەسبردن بوو بۆ بابـەتی نـوێی زینـدوو و هونـەریو بـە زمانێکی جیاواز بێ گرێوگۆڵ هەندێ جار سادەو ساکار هەنـدێ جـاریش تونـدو شـەڕ ئـامێزو تەمومـژاویو پەنابردن بۆ رەمزی دەوروبەر.. شیعرەکان زیاتر لایان لە ژیانو ئـازاریی مرۆکـانی دەوروبـەری دەردەبـڕی، بانگەشەی ئازادیو سەرفرازییان دەکرد، شـیعرێکی شۆڕشـگێڕانە بـوون.. بـەکورتی نوێبـوون بـۆ شـیعری تورکمانی، کە پێشتر نەبوو و بەکارنەدەهێنران. ئـەم رێبـازە نوێیـە روخسـاری زمـانێکی نـوێو بناغەیـەکی هونەریی تازەی لە بونیاتی شیعری تورکمانیدا چەسپاند.

ئەگەر بە وردی تەماشای بەرهەمەکان بکەیت، سێ شەپۆل لە رێڕەوی ئـەم بزووتنـەوە شـیعرییە نوێیـە بەدیدەکرێ:

–شەپۆلی واقعی ئیشتراکی.

–شەپۆلی رەمزی.

–شەپۆلی رۆمانسی.

هەریـەك لـەو شـەپۆلانە لـە بەرهـەمی چـەند شـاعیرێك رەنگیـان دایـەوە، هەمووشـیان دەسـتیان لـە چەسپاندنی شیعری نوێی تورکمانیدا هەبووە. لە ساڵانی شەستەکاندا لە کاتێکدا شیعری عەرەبی عیراقی لە هەڵچوونو جێگیربووندابوو، شیعری تورکمانیی تازە لەم بوارەدا سەریهەڵدابوو و خەریکبوو بڵاوبێتەوە.

لەو شاعیرانە کە جێگای شانازینو رۆڵی خۆیان بینی لـە سـەرهەڵدانو چەسـپاندنی ئـەم شـەپۆلەدا (نسرین اربیل، عبداللطیف بندر اوغلو، صلاح نورس) بوون، کە جێگایەکی دیاریان بۆ خۆیان لە شیعری تورکمانیدا کردبووەوەو بەرهەمێکی زۆریان بڵاوبووەوە. بە بەرهەمەکانیاندا دیـاربوو ئاگـاداری ئـەدەبی جیهانینو شارەزای ئەدەبی نوێی جیهانین، هەریەك لەو سیانەش، سەر بە یەکێ لەو سێ رێبازە بوون.

لە حەفتاکانی سەدەی پێشوودا رۆژنامەی یورد –الوطن– ئەدەبیی هەفتانە بە تورکمانی لـە بەغـدا دەردەچوو. ئـەم رۆژنامەیـە لەگـەڵ گۆڤـاری (قارداشـلق–الاخـاو)و گۆڤـاری (بیرلیـك سەسـی –صـوت الاتحـاد)، کـە بـە تورکمـانیو عـەرەبی دەردەچـوون، رۆڵێکـی گرنگیـان هـەبوو لـە پێـشەوەچوونو پەرەپێدانی رۆشنبیریی تورکمانی، بەتایبەتی لە بواری شـیعردا، بـارودۆخێکی باشـبوو بـۆ دەرکـەوتنی چەندین ناوی ئەدەبیی لاو، بە گوڕوتینو رۆشنبیرییەکی باشەوە هاتنە مەیدانەکە، لەوانە: (محمـد عمـر قزانجی، نصرت مردان، خوالێخۆشبوو شاعیر عصمت ئوزجان، چیرۆکنووسی ناسـراو حمـزە حمـامجی، خوالێخۆشبوو خیرالله کاظم، هاشم رشاد، رمزی چاوش، مصطفي ضيائي قدرية ضيائي..) دەیان نـاوی تر، کە بوار نییە ناویان بهێنین.

هەرچـەند ئاسـتو ئـەزموونی ئـەو نووسـەرو شـاعیرانە یـەك نـەبوونو بـە یـەك رێبـازو شـێوە نەیاندەنووسی، ئاستی هونەریو ئەدەبییان جیاواز بوو لـە شـێوازو نـاوەرۆكو بۆچوونیـشیاندا یـەکیان نەدەگرتـەوە، بـەڵام تاقیکردنـەوەکانیان، بەرهەمـەکانیان هـەوڵێکی بـەردەوامبوو بـەرەو کـەناری نوێخوازی. زۆربەیان زمانێکی تازەی داهێنەرانـەیان بـەکاردەهێنا، کـە لەگـەڵ نـاوەرۆکی بەرهەمەکانـدا

بگونجیّ، هەوڵی بەکارهێنانی شێوەی نوێیان دەدا، ئـەزموونو بەرهـەمی شـاعیرو نووسـەرانی جیهـانی کاری تێکردبوون، دەبیّ ئەوەش بوتریّ لەم قۆناغەدا بواریان بۆ رەخسا ئـەدەبی تـورکی بخوێننـەوەو کاریگەرییەکی زۆری هەبوو لە سەریان و دنیایەکی فراوانیان لەپێش کرایەوە. شیعر لەلای ئەو شـاعیرە نوێخوازانـە –بەتایبـەت پێـشەنگەکانیان– تـەنها بـۆ دەربـڕینی سـۆزێکی کاڵفامانـەیان نـەبوو، دیـدو بۆچـوونی خۆیانیـان بـۆ کێـشە گرنگـەکانی سـەردەم پـیّ دەردەبـڕی، هەریەکـەو بـەگوێرەی ئاسـتو رۆشنبیریی خۆی، بەرو بەرهەمی هەنگاوە سەرەتاییەکان کاری کردە سەر نەوەی داهاتوو. زۆری نەبرد دەستەیەك شاعیری لاوی دیکە لە ناوەندەکە پەیدابوون بـە گـوڕوتینو روانینێکـی فـراوانترەوە، لەوانـە چیرۆکنووس جلال پولات، شاعیرو رەخنەگر هانی صاحب، شاعیر فاروق کوپرلو، نووسەر محمد مهـدی بیات، حسام حەسرەت، اسعد اربیل، فردوس کرکوکلی، قاسـم أق بـیراق، صـلاح بهلـول، نجـاة طوزلـو، رمزی چاوش..و دواتر لە کۆتایی هەشتاکانی سەدەی رابوردوودا شاعیر قره وهاب، یالچین بللو، جاسـم محمد، منور ملا حسون، احمد محمد کرکوکلی، احسان جهاد کفرلی..و گەلێکی دیکەش.

تاقیکردنـەوەی ئـەم دەسـتەیە پرکێـشیو هەمـەڕەنگییان پێـوە دیـارە، نوێخوازییەکـە بـەهۆی ئاگاداربوونیـان لـە ئـەزموونی دەوروبـەر زیـاتر چەسـپاو روونـتر بـووەوە، زمـانو بونیـادی شـیعریو بابەتەکانیـشیان گۆڕانکـاریی ئاشـکرایان بەخۆیانـەوە بـینی، تاڕادەیـەکیش –لـەلای هەنـدێکیان– لـە راستەوخۆییو دروشمبەرزکردنـەوە خۆیـان قورتـارکرد. بەرهـەمی ئـەم دەسـتەیە ئـەو سـیّ شـەپۆلەی پێشتر باسمانکردن تێپەڕانـدو هەندێکیـشیان کەشـوهەوای سـوڕیالیو بێهـوودەیی لـە بەرهەمەکانیانـدا دەبینریّو رێبازە نوێکانی ئەدەبی کە لە رێگای خوێندنـەوەی شـارەزابوونیان لـە ئـەدەبی جیهـانی لـە شیعرەکانیادا دەبینریّ، دەمەویّ ئەوەش بڵێم چەند شاعیرێك کە خۆیانیان تێکەڵی ئەو شەپۆڵە نەکردو جێدەستیان لە شـیعری تورکمانیـدا دیـارەو ئێـستاش خوێنـەرێکی زۆریـان هەیـەو هـەر لەسـەر رێبـازە کۆنەکـەی خۆیـان ماونـەوەو پابەنـدی سـەرواو کێـشە باوەکـانی شـیعرو بـەحرەکان نـەبوون، لەوانـە خوالێخۆشـبوو (گـورەم)و خوالێخۆشـبوو (اسـعد نائـب)و خوالێخۆشـبوو (خیرالله بللـو)و (انـور بابـا)و (شمس الدین تورکمان اوغلو)و (اکبر حمید)و (کوپر باغوان)و (محـسن کـوپر)و (حـسین علـی مبـارك)و (علی معروف)و گەلێکی تر..

ئەمـە پانۆرامایـەکی خێـرا بـوو، هـەر بـۆ ئـەوەی خوێنـەران هەنـدیّ زانیـاری لـەبارەی شـیعری تورکمانییەوە بزانن.

---

**[*]هانی صاحب: رەخنەگرو شاعیرێکی ناسراوی تورکمانە، تا ئێستا چەندین لێکۆڵینەوەی لەبارەی شیعری تورکمانییەوە بەچاپگەیاندووە.**



# سەرەتاکانی شیعری تورکمانی

**جومعە جەباری لە عەرەبییەوە کردوویەتی بە کوردی**

ئەو هەوڵەی کە لەم دواییەدا هەندێك لە رۆشنبیران داویانە بۆ ناساندنی کولتووری تورکمانی عیراق، وەك بەشێك لە مۆزاییکی کولتوور و رۆشنبیری هەموو ئەتنییەکانی عیراق، ئەو هەوڵانەی هێشتا پێویستی بە کۆشش و بەردەوامیی زیاتر هەیە، چونکە هەموو پێکەوە هەستی نەتەوایەتی بۆ عیراقیبوون بەهێزدەکەن و بەرهەمەکەی دەکەنە سەرچاوەیەك لە سەرچاوەکانی کولتووری عیراقی... تایبەتمەندیی رۆحی، بەعیراقیبوون، ئەدەب و هونەری تورکمانی عیراقی لەناو هەموو ئەو ولاّتانەی بە تورکی قسەدەکەن بەرزکردەوە، بە تایبەتی لە ئاسیای ناوەڕاست و تورکیا و ئازەربایجان و بەڵقان، چونگە تورکمانی عیراقی دوو رۆڵەی هەرە گەورەی خۆی بەو شوێنانە ناساند، ئەوانیش (عیمادەدین نەسیمی 1370– 1417)و (فزوولی بەغدادی 1494– 1556) بوون.

## نەسیمی.. دامەزرێنەری شیعری تورکمانی لە عیراق

شاعیر عیمادەدین نەسیمی 1370–1471، کە لە ناوچەی (نەسیم)ی دەوروبەری بەغدا لەدایکبووە، بە دامەزرێنەری راستەقینەی شیعری تورکمانی عیراق دادەنرێت و بە گەورەترین شاعیری ئەو زمانە دادەنرێت. وێرای ئەوەی بە کەسایەتییەکی ناسراو دەژمێردرێت لە هزری ئیسلامدا، بەتایبەتی لەو دەوڵەتانەی بە زمانی تورکی قسە دەکەن. ئەو چامانەی بە زاراوەی تورکمانی نووسیویەتی ئەوەمان بۆ رووندەکاتەوە کە چەند زانیاریی فەرهەنگیی هەبووە، لە زانیارییەکانی سەردەمی خۆی.. هاوکات نەسیمی بە رابەر و پێشەوای مەزهەبی (ئەلحروفی) ناسراوە، کە رێبازێکی سۆفیگەرییەو بانگەواز بۆ یەکبوونی (وجود) و گەورەڕاگرتن و تەقدیسکردنی پیتەکان و ژمارەکان دەکات. (ئەلحروفی) گەردوون، فۆرمێکی بوونی یەکجارەکی دادەنێت و دنیا دامەزرێنراوی گەردوونە، کە بوونەوەرانی تێدا دیارە.. پاش بڵاوبوونەوەی (ئەلحروفی)یە، نەسیمی لە عیراقەوە چۆتە ئازەربایجان و ناوچەی ئەنادۆڵ بۆ بڵاوکردنەوەی رێبازەکەی، حروفییەکانیش دوای سەدەی (15)ی زایینی وازیان لە بەکارهێنانی زمانی فارسی هێناو دەستیانکرد بە بەکارهێنانی تورکمانی. نەسیمی لەو کاتەدا دیوانێك و نامەی (پێشەکیی راستییەکان)ی نووسیوە، کە تێیدا درێژەی باوەڕەکانی (ئەلحروف)یەکانی روونکردۆتەوە.

چامەکانی نەسیمی دەنگدانەوەیەکی زۆریان هەبوو لە نێوەندە دینییەکان و متەسەوفەکاندا. ئەو چامانەی بە زاراوەی تورکمانی نووسیوەتەوەو تێیدا بانگهێشتی مرۆڤ دەکات بۆ ئەوەی خودی خۆی بناسێتەوە، چونکە نهێنییەکانی (وجود) لە ناخی مرۆڤدا بەرجەستەیە.

لە فۆلکلۆری رۆژهەڵاتدا هاتووە، کە مەلیك جەمشیدی ئەفسوناوی بادەیەکی هەبووە، ئەگەر پڕ ببوایە لە شەراب هەموو رووداوەکانی دنیای تێدا بەدیار دەکەوت، نەسیمیش زۆرجار عەقڵی مرۆڤی بە بادەکەی جەمشید چوواندووە: (رۆحی خواوەند لە تۆدایە.... تۆش شەرابی، لە بادەی جەمشید)

نەسیمی چەند شێوازێکی شیعریی باوی عەرەبی و فارسیی بەکارهێناوە، وەك غەزەل،چوارینە، مەسنەوی.. وێرای ئەوەی کە یەکەم شاعیری عیراقی بوو توانیی بە زاراوەی تورکمانی شیعر بهۆنێتەوەو بگاتە بارتەقای شیعری کلاسیکیی عەرەبی و فارسی و بەهاو مانای ئیمانداریی خۆی بە مەزهەبی حروفی پێ ببەخشێت...

(ئەمرۆ لە سیماتدا
راستی هەموو پیتەکانی نیشان دا
بەڵگەی ئەوەی کە تۆ
عاشق و مەعشوق یەك دەخەیت
جیاوازیش لەنێوان بەڵێ و نەخێر نەما..)

به درێژایی ژیانی، نەسیمی بە رووداوی حەلاج دڵگران بوو، هەردەم بە رێزو ستایشەوە یادی ئەو زاتەی دەکردەوە. نەیدەزانی قەدەر دواساتێکی وەك ئەوەی حەلاجی بۆ ئامادەکردووە. (هەردەم دەڵێم (من راستم) چونکە بە راستی سەرکەوتووم

کێیە ئەوەی من لە بیری خۆی دەباتەوە، کە من بەو شوهرەتەوە

من قیبلەی راستگۆیانم، عاشقی مەعشوقانم

ئاسمانی حەوتەمم من، سەرخەری چەوساوەکان

من موسام، هەردەم دەم و دووی راستی دەکەم

دڵم لە تووری سینا بەدەر دەکەوێت

لە ئەزەلەوە بادەی تەنهایی دەنۆشم

لەوەتی دروستبوونەوەوە من بێهۆشم

بۆ هەر لایەك چاوبگێرم خۆشەویستەکەم دەبینم).

نەسیمی لە شیعرەکانیدا (من) بەکار دەهێنێت، نەك بۆ ئاماژە بەخۆکردن، بەڵکو ئاماژەیە بۆ مرۆ بەشێوەیەکی گشتی. لەدوای کوشتنی (فەزەڵڵا) دامەزرێنەری مەزهەبی ئەلحروفییە، بە دەستی میران شاە کوڕی تەیمور لەنگ لە ساڵی 1394ی زایینیدا، نەسیمی ناچاربوو شاری باکۆ بەجێهێڵێ و بەرەو ئەنادۆڵ بەڕێکەوت، لەوێدا پەیوەندیی بە حاجی بەکتاش وەلی دامەزرێنەری تەریقەتی بەکتاشی کرد، کە تەریقەتێکی عەلەوی بووە لە تورکیا، لەلایەن مووریدەکانەوە پێشوازیی گەرمی لێ کرا، دەڵێن بیرو بۆچوونەکانی کاریگەرییەکی زۆری بەسەریانەوە هەبووە، کە لەم شیعرەی حاجی بەکتاشدا ئەو کاریگەرییە دەردەکەوێت:

(زوهد بە جوببەو عەمامە نییە

ئاگریش تەنها لە ئاگرکەوتنەوەو دۆزەخدا نییە

هەرچیت بوێ لە ناختدایە

نەك لە قودس و مەککەو حەج..)، تا ئێستاش نەسیمی حورمەت و رێزێکی تایبەتی لەنێو بەکتاشییەکان و عەلەوییەکاندا لە تورکیا هەیە. شیعرەکانی کراونەتە گۆرانیو لە بۆنە ئایینییەکاندا لەگەڵ ئامێری سازدا دەیڵێنەوە.

لەبەر ئەوەی بەکتاشییەکان دژی رژێمی دەوڵەتی عوسمانی بوونو نەسیمیش چالاکیی لەنێویاندا زۆربوو، لەوە دەترسا سوڵتان مرادی چوارەم تۆڵەی لێ بکاتەوە، بۆیە بارەگای گواستەوە شاری حەڵەب، لەوێش درێژەی بە رێبازەکەی دا..

(هەر لە خۆمەوە پۆشاکی گلەییم پۆشی

کاسەی ژیان لەسەر بەردێك بشکێنم بە خەڵك چی؟

بە ئاسماندا هەڵدەکشێم چاو لە گەردوون دەکەم

ئەگەر دابەزمو خەڵك بینیمی، بەخەڵك چی؟

بۆ قوتابخانە دەڕۆم بۆ ئەوەی حەق بخوێنم

ئەی ئەگەر چووم بۆ مەیخانە بۆ مەستبوون، بە خەڵك چی؟

بە شەرابی خۆشەویستیان وت حەرامە

ئەگەر کاسەم پڕ کردو خواردمەوە، بە خەڵك چی؟

زاهیدان نوێژ دەکەن لە میحرابدا

ئەگەر میحرابم پێکی خۆشەویستان بێت، بە خەڵك چی؟

بە(نەسیمیان) گوت تۆ لە خۆشەویستان رازییت؟

من رازی بم یا رازی نەبم، بە خەڵك چی؟).

لە حەلەب نەسیمی دووچاری کێشەو پیلانێکی زۆر بووەوە، یەکێك لە پیلانگێڕەکان لاپەڕەیەکی قورئانی پیرۆزی دڕاندو خستیە ناو خورجەکەیەوە، بێ ئەوەی نەسیمی پێی بزانێ، خەبەریان لێ داو هێنایانە پێشی قازی. قازی گوتی: (ئەو دەستەی یاری بە قورئان بکات سزای چییە؟)

لە وەڵامدا گوتی: (دەبڕدرێتەوە). قازی گوتی: (ئەوە خۆت حوکمت لەسەر خۆت دا!).

بە زەندقە تۆمەتبار کرا، بڕیار درا پێستی بە زیندوویی بگروون. کاتێك دەستیان بە گروونی پێستی کرد، روومەتی سیس هەڵگەڕا.. قازییەکەش بەگاڵتەجاڕییەوە پێی گوت: (ئەگەر وەکو خۆت دەڵێی: من حەقم ئەی بۆ وا سیس هەڵگەڕای؟).

نەسیمی لە وەڵامدا پێی گوت: (رۆژ هەردەم لە کاتی ئاوابوونیدا کزدەبێ..).

---

***لە سایتی گۆڤاری (تورکمان العراق)ەوە.**



# ڕەوتی مێژووی شیعری تورکمانی

**هانی صاحب**

**و: یەشار کەرەم**

ئەوەی ڕاستی بێت لێکۆڵەری تورکمان لە تاوتوێکردنی ڕەگەزە ئەدەبییەکاندا دووچاری گرفتی نەبوونیی سەرچاوە دەبێتەوە لە کتێبخانەی تورکمانیدا، لەگەڵ ئەوەشدا بەپێی ئەو سەرچاوە کەمەی کە لەئارادا هەیە، دەردەکەوێت کە شیعری تورکمانی لە عیراقدا دەکرێ لە ڕووی دێرۆکییەوە بۆ ئەم هەوارانەی خوارەوە پۆلێن بکرێ..

*هەواری بەر لە ناوەڕاستی سەدەی هەژدەم:

هەندێ لە توێژەرانی ئەدەبی تورکمانی لە عیراق وای بۆ دەچن، کە ئەدەبی تورکمانیش هەر لقێکی درەختی مەزنی ئەدەبی تورکییە، بەم پێیەش ئاخاوتن لە ئەدەبی تورکی زەرورەتێکی زانستییە بەر لە توێژینەوە لە ئەدەبی تورکمانی.. هەندێکی دیکەش وا تێدەگەن کە هەنگاو هەڵگرتن رووەو ئەدەبی تورکمانی لە عیراقدا لەسەرمان پێویست دەکات، کە بەو کتێبانەشدا بچینەوە کە لە ئەدەبی تورکی دەدوێن، تیایدا نموونەی هاوبەشی تورکمانیش بەرچاو دەکەوێت، ئیتر لێرەدا مامۆستا (فاضل مهدي بيات) گوتەنی لێکۆڵێرەوان ئەستەمە بتوانن خاڵی دەستپێکردنی مێژووی ئەدەبی تورکمانی لە عیراقدا دابنێن. بۆیە ئەگەر بمانەوێ بۆ سەرەتای شیعری تورکمانی مێژوویەك دابنێین بە پشتبەستن بە هەندێ شیعر دەکەوینە هەڵەوە، بەهۆی پەلهاویشتنی رەگی ئەو شیعرە بۆ قوڵایی مێژوو و راگوێزانی هەندێ نموونەی ئەو چوارینانەی کە بە (قوریات) ناودەبرێن، کە بە شیعری داستانی مەنگۆلی وابەستەیی هەیەو جۆرێکە لە جوانکاریی شیعری زارەکیی میللەتانی تورکی مەنگۆلی سیبیریاو ئاسیای ناوەند.

سەرەڕای سەختیی دیارکردنی مێژووی لەدایکبوونی شیعری تورکمانیی کۆنو مەحالیی لێکۆڵینەوە لە هەوارە هونەرییەکانیو دابەشکردنی زەمەنیو شاعیرەکانی، بەڵام دەکرێ ئاماژە بەناوی هەندێ لە شاعیرانی تورکمانی بکەین وەکو: (والهی البغدادیو چەلەبیو ئاجیو ئەکرەم بەگو قایتمەز بەگ)و شاعیرگەلی دیکەش کە لە کتێبی (گلسن شعرا)ی شاعیری تورکمانی (عهدی بغدادی)دا ناویان هاتووە لە سەدەی شازدەی زایینیدا، سەرباری ژمارەیەکی زۆری شاعیرانی تورکمانی، کە ناو و بەرهەمەکانیان ئاوێتەی ناو و بەرهەمی شاعیرگەلی عوسمانی بووەو لە ماوەدای 941–1334ك. لێرەدا دەکارییت پەنجە بۆ چوار لە دیارترین شاعیرانی تورکمانی درێژبکەین، کە چامەکانیان کاریگەرییەکی دیاری لەسەر شیعری کلاسیکی تورکمانیدا هەبووە، ئەوانیش:

1. (عمادالدین نەسیمی 1339–1417ن) کە بە دامەزرێنەری ئەدەبی تورکمانی دادەنرێت لە عیراقو رۆڵێکی بەرچاوی هەبووە لە پێشخستنی ئەدەبی دیوانو تەکیەکاندا. شیعرەکانی بە ناسکیو راستبێژی ناسراونو بە چامەی سۆفیگەرییانەی قوڵو غەزەلی ئاوداری ستران شێواز ناوبانگی هەیە. شیعرەکانی لەسەر کێشی عەروزی عەرەبی هۆنیوەتەوە. کاریگەریی شیعری نەسیمی بەئاشکرا لەسەر شیعری تورکمانی دیارە، تا کاریگەریی بەسەر شیعرەکانی (فزولی بەغدادی)یشەوە هەیە.

نەسیمی شاعیر بە ئاگرپەرستی تۆمەتبارکراوەو فەتوای کوشتنی لەلایەن زانایانی (حەلەب) بۆ دەرکراوە، حوکمەکەشی زۆر درندانە بووە کە (گروونی پێستی) بووە.

2. عەلی شێر نوائی 1441–1501ز. میری شاعیرانی سەردەمی خۆی بووە، زمانی شیعرەکانی سافو بێگەرد بووەو هەوڵی داوە لە وشەی بێگانە پاکی بکاتەوە. لەو سەردەمەدا شیعر بە زمانی فارسی باو بووە، کەچی لە دژی ئەو دیاردەیە وەستاوەو بەرەنگاری کردووە.

3. محەمەد سلێمان بەیاتلی، ناسراو بە (فضولي) 1495–1556ز.. کە بە نوێکەرەوەی شیعری تورکمانی دەژمێردرێتو شیعرەکانی سیمایەکی رۆمانتیکانەی لیریکییان هەیە، بە ڕەوانبێژیو

(زەخرەفیانـە) دایناون‌و لـە وشـەی فارسـی‌و عـەرەبی بەدەرنییـە. زۆرێـك لـە شـیعرەکانی چـەمکی خۆشەویستیی مرۆڤ‌و عیشقی ئەفلاتونی دەگرنەخۆ. ئەو شاعیرە لە گەلێ بواری تردا نووسینی هەیە.

4. روحی بەغدادی 1458-1505ز. لـە شـاعیرە دیارەکـانی دیوانـە، شیعرەکانی چارەسـەری کێشە کۆمەڵایەتییەکانی ئەوسای کردووە. بە پشتبەستن بە دووربینی‌و ژیریی خۆی لە دووتوێی شیعرەکانیدا گەلێ دیاردەی سەردەمەکەی خۆی دەرخستووە. بەرهەمی چاپکراوی هەیە.

هۆنراوەکانی ئەو کەڵە شاعیرانەی ناومان بردن لەسەرەوە، بە گوزارشتی راستگۆییانەیان‌و هەست‌و سۆزی ناسکیان‌و بیری داهێنەرانەیان‌و ئارایشتی رەوانبێژییان بەجوانترین شێوە نوێنەرایـەتیی شـیعری تورکمـانی دەکـەن‌و کاریگـەرییان بـۆ چـەندین سـەدە پەرپوەتـەوەو لـە بەرهـەمی شـاعیرانی کلاسـی‌و نوێخوازو هاوچەرخەکان رەنگی داوەتەوە. بەڵێ هەر یەکە لـەو شـاعیرانە قوتابخانەیـەکی شـیعرییە بـۆ خۆی. نەسیمی رێبازی سۆفیگەری‌و (فضولي)و (نەوائی) غـەزەل، (روحـی) حیکمەتدۆسـتی پێـشڕەوی دەکەن‌و هەر هەمووشیان بـە کێشی عـەرووزی عـەرەبی شـیعرەکانیان هۆنیوەتـەوەو زمـانی شـیعریی زۆربەیان ئاوێتەیە لە واژەی عەرەبی‌و تورکی‌و فارسی.

**-هەواری نیوەی دووەمی سەدەی هەژدەم، تا کۆتایی سەدەی نۆزدەم:**

ئەم هەوارە تا رادەیەك دووردرێـژەو ژمارەیـەکی زۆری شـاعیران دەگرێتـەوە، لەوانـە: (عبـدالرزاق نورس قدیم.... -1761، مصطفی ابوبکر ناسراو بە بەدری 1743-1820، بـەکر مـوفتی 1766-1830، اسـعد حـاج محمـد نائـب 1848-1931، سـید قاسـم قـاسمی 1785-1844، شـێخ عبدالرحمن طالباني 1797-1857،* عبدالقادر غلامی 1854-1886، محی الـدین قابـل 1834-1909) ئەم سەردەمە بە لوتکەی پەرەسـەندنی شیعری کلاسـیکی تورکمـانی دادەنرێـت، کـە تیایـدا کۆمەڵایەتی‌و رووداوی مێژوویی سەردەمەکەی خۆیان لـە شـیعرەکانیاندا رەنگـی داوەتـەوە. جـا لەبـەر ئەوەی چامەی کلاسی فرەلایەنەو زێتر لە مەبەسـتێك لـەخۆدەگرێت، بۆیـە دەقـە شـیعرییەکان هـەموو وارەکانی ژیانی گرتۆتەوە، وەکو دووری‌و سۆزی نیشتمانی‌و مەینۆشی‌و غـەزەلیات‌و لاهـوتی‌و شـیعری فێرکردنی ئایینی‌و سۆفیگەری‌و پەندداران.. هتد، کـە جۆرەهـا کێـشی عـەرووزی عـەرەبی بـەکاربراوە، هـەروەها جۆرەهـا شـێوازیان بـەکارهێناوە، وەکـو: پێـنچ خـشتەکی‌و تێهـەڵکێش‌و تـەرجیع بەنـدو مەسنەوی‌و تاکە شیعرو چامەو چوارێن.. هتد.

**-هەواری سەرەتای سەدەی بیستەم تا کۆتایی شەستەکان:**

ئەم هەوارە ناوبرا بە (کلاسیکی تازە)، لە شاعیرەکانی ئەم هـەوارە (هیجـری دەدە، محمـد صـادق 1891-1967، خضر لطفي 1880-1959، سعد بسیم دمیرچی 1902-1965، رشـید هرمزلـی 1896-1972، اسعد نائب 1900-1981، علـی صـائب 1889-1985، تۆفیـق جـلال اورخـان 1905-1981، نازم رفیق قوجاق 1908-1962، جلال رضا اورخان 1904-1981، رشید علی قوقلو 1918-1975، محمد خطیب اوغلو 1910-1968، رشید کـازم 1914-1983، عوسمـان مظلوم 1922-....، حسن گورەم 1924-1985، علی معروف اوغلو 1927-....، عزالدین عبـدی

1922-....، فلك اوغلو، مستەفا گوك قايا، اسماعيل سرت توركمانى، خيراللـه بلـو، ناصـح بازرگـان، حسين علي مبارك، محمد عزت خەتاب)و زۆرانـى ديكـەش. ئـەم شـاعيرانه دەتـوانين بلـێين بەسـەر دوو رێبازى شيعريدا دابەشبوون:

1.شيعرى ميللى: كـه زمـانى ئاسـايى رۆژانـەى كـردووه بـه بنـچينەى دارِشـتنى شـيعر. سـادەيىو رەوانىو ئاشكرايى له دەربرِين له سيماى شيعرەكانى ئەم هەوارەيـه، ئـەو بابەتانـەش هەڵدەبـژێرن كـه زۆرينەى خەڵك دەگرێتەوه بەشێوازێكى كۆميديانەى تەنزئامێز له دياردەكان دەدوێن.. لەمانه: مستەفا گـوك قايـه، رشـيد علـى، ناصـح بازرگـان، حـسين علـى مبـارك، محمـد عـزت خطـاط، اسماعيـل سـرت توركمانى، رشيد كازم...

2.رێبازى كلاسيكى تازه: شاعيرانى ئەم قوتابخانەيه لەژێر كاريگەريى شاعيرانى ديـوانو پـشت بـه كەلەپوورى شيعرى توركمانيى كـۆن كـاره شـيعرييەكانيان تـاوتوێ كـردووه، كـەڵكيان لـه بـەهرەكانى شيعرى عەرەبى وەرگرتووه له كێشو سەروادا، هەندێكيش هەوڵيان داوه لاسايى كلاسـيكييه كۆنـەكان بكەنەوه له شێوازى هونەرىو نيازەكانى شيعرى. زمانى شيعرييان به واژەگەلى نـامۆو دوور لـه زمـانى گفتوگـۆى رۆژانــه موتوربــه كـردووه، هەنـدێكيان بايــەخيان بــه وەسـفو زەخرەفـەى رەوانبێـژىو سەربەخۆيى بەيتەكان داوه، هەندێكيشيان هەوڵياندواوه له زمـانى كۆنينـەكان دووركەونـەوەو زمـانێكى پــاكتر بــەكاربێنن، لــه ســەرێكى تــرەوه ئــەم كۆمەڵــه ئاسـۆيەكى نـوێى والآكـرد، كـه لەگـەڵ گيـانى ســـەردەمەكەدا بگونجێـــتو بەتـــەنگ پـــرسو پێويـــستييه شارســـتانييەكانەوه بێـــتو چـــارەى دۆزە مرۆييەكانو قەيرانـەكانى سـەردەم بكـات. ئـەم رێبـازە قورسـاييەكى زۆرى هـەبوو لـه رەوتـى شـيعرى توركمانى.

**-هەوارى سەرەتاى حەفتاكانى سەدەى بيستەم تا ئەمرۆ:**

له شاعيرانى ئەو سەردەمە: رەزا چـۆلاق اوغلـو، ئـەكرەم سـابير، محەمـەد بـەيات اوغلـو، كەوسـەر باغەوان، غالب كفرلى، سەباح عەبدوڵلآ، عاسى ئيسماعيل توزلو، سەباح توزلو، فاروق كوپرلـو، كـەمال مستەفا داقوقلو، گولەر عەبدولكەريم، ئەسعەد ئەربيل، حوسام حەسرەت، شەمسەدين توركمان اوغلو، سەباح بەهلول.. هتد. ئەم نەوەيه زۆربەيان شوێنپێى نەوەى پێشوويان هەڵگرتووەو رێچكەى ئـەوانيان نەتوانيوه بەردەن، هەندێكيشيان هەوڵيان داوه له لاسـاييكردنەوه خۆيـان قورتـار بكـەن، پـەنايان بـۆ رەمزو داستان بردووەو له زمانى مەجازى نزيكبوونەتەوه.

---

***ئەوەى جێگاى سەرنجه، لێكۆڵەرەوەو نووسەرانى توركمان هەندێ له شاعيره ناودارەكـانى كـورد، وەك شاعيرێكى توركمانى ناويان دەبەن، هەر لەبەر ئەوەى به تـوركى دەسـەلآتى نووسـينى شـيعريان هەبووه.. لەوانه هيجرى دەدەو شێخ عەبدولرەحمانو شێخ رەزاو چەندانى تر -ئامادەكارى تەوەرەكە-.**

**-بەشێكه له كتێبى (أزهار القرنفل)، دراسه فى الشعر الحر التركمانى -هانى صـاحب، بغـداد 1992، ص120.**



# له ژنه شاعیرەكانی توركمان

## قەدریە ضیائي*

نووسینو ئامادەكردنی: نیاز رەفعەت

ئەم خاتوو شاعیره توركمانه، ساڵی 1940 له كەركوك لەدایك بووه، خوێندنی سەرەتاییو ناوەندیو پاشانیش خانەی مامۆستایانی له ساڵی 1968دا هەر له كەركوك تەواوكردووه. هەر لە قۆناغی ناوەندییەوه خولیای شیعرو ئەدەبیات دەبێ، سەرەتا به شیعری عەرەبی دەستپێدەكات بەشێوه كلاسییەكەی جارجارەی شیعری نوێ.. بەهۆی خوێندنەوەی ئەدەبی توركی دەست به توركمانی نووسین دەكات.

یەكەم بەرهەمی چاپكراوی كۆمەڵە شیعرێكه بەناونیشانی (بۆ تۆ) زۆربەی ئەو شیعرانەی كاتی خۆی لە رۆژنامەی (یورد)دا بڵاوكراوەتەوه. سروشت پانتاییەكی فراوانی داگیركردووه لەسەر نەخشەی شیعری ئەم ئافرەته. سروشت ئەو وێستگەو پەناگەیە پێكدێنێ كه شاعیر لە كاتی ئێشو ژانو هەرەسە رۆحییەكانیدا پەنای بۆ دەباتو دەبێته هاوەڵیو زاڵبوونی غەم بەسەر دنیای (قەدریه)ی شاعیرداو كانیاوی ئافراندنو داهێنان

له پێشیدا دەتەقێنێو دڵەکوتەی لەدەستدانو بێبەشی تارایەکی بەسەر زۆربەی چامە شیعرییەکانیدا کێشاوە، بەڵام ئەمە واناکات هەست بە نائومێدی بکاتو رەشبین بێت، بەپێچەوانەوە دەبینین گەشبینی تیشکی پەلکەزێڕینەیی خستۆتە سەر زۆربەی شیعرەکانیو مژدەی سبەینێیەکی رووناکی بێ خەزانی پێ دەبەخشێت.

ئەگەر گەشتێك بە جیهانی شیعرەکانیدا بکەین، بۆمان ئاشکرا دەبێ لە بارێکی پڕ خۆشەویستیو عیشقدا دەژی، رەنگە ئەم عیشقو خۆشەویستییەی یەکەم هاندەری بێت بۆ ئەفراندنی ئەو شیعرەی کە ئاسۆیەکی فرەوان لەپێشیدا دەکاتەوە، تاوەکو دەست لەملانی ئەو عیشقەی بکات کە وەکو بووکێکی نەخشین لەناو کەژاوەی سروشتی سحراویدا پێدەکەنێو خۆی دەنوێنێ. خاتوو (قدریە) مۆرکێکی گشتی بەسەر شیعرەکانییەوەیە، ئەویش مۆرکی رۆمانسییانەی لێریکییە.. خەونیش هەمان پانتایی گەورە شك دەبات لەناو خواستو ویستەکانیدا. هەر شتێك بەلایەوە (مەحاڵ) بێت هەڵمئاسا دەرەوێتەوەو لەبەر چاویدا دەبێتە هەقیقەت. عیشقی خاكو نیشتمان یادگارێکی قووڵی رۆناوە لە ناخی شیعرەکانیداو بەرگێکی قەشەنگو خەمناکی کردووە بەبەریاندا. خاك، نیشتمان لە منداڵیو خۆشەویستیو بەهاردا لەلای بەرجەستەن کە مانای بوونی خودی شاعیر دەگەیەنێ لە رۆژی لەدایکبوونییەوە تا ئەو رۆژەی ماڵئاوایی لە ژیان دەکات. خاك بەلایەوە سەفەرێکە هەرگیز کۆتایی نایەت، ئەم سەفەرەش لە خودی خۆیەوە دەستپێدەکاتو لە خودی خۆیشییەوە کۆتایی پێ دێت. خاك بەرجەستەیە لە هێزو جوانیو دۆزینەوەی چییەتیی شتەکانو کاریگەریی خۆی دەسەپێنێو شوێنی زۆر شت دەگرێتەوە، کە لە ژیانی مرۆدا گرنگو پێویستن...

**چەند کۆپلەیەك لە شیعرەکانی:**

1. منو پایز

پایز دامییە دەستی رەشەباوە
ئاوی چاوەکانی لێ دزیم
وایلێکردم چاوەڕێی خەزان بم،
چاوەڕوانم.. چاوەڕوانم، هێشتا چاوەڕوانم
رۆژێك دێت، شوێنەوارێك لەدوای خۆیەوە
جێدەهێڵێ.
کەسەرێك نامێنێ.. تەنهاییەکیش نامێنێ،
لافاوێك هەڵدەکات.. زریانێك دێ
چۆڵەوانی هەموو رۆژەکان دادەپۆشێ.
پایز لە وەرزەکاندا
لە پەرتووك لە دڵاندا
دەسڕێتەوە...
دادێ.. دادێ

بەهارێك لە پاش
هەر خەزانێك
دادێ!.

## 2. رۆژێ لە رۆژان

رۆژێ لە رۆژان،
لەوانەیە رۆژێکی بەهار یا رۆژێکی زستان
یا رۆژێك لە رۆژانی پایز
بەیەك بگەین.. نازانم
لەو چرکەساتەدا بەتەنیا نابین
گەڵایەك.. گوڵێك
رەنگە روخسارێك..
بەتەنیا نابین
چاومان بۆ نیگا کۆنەکانیان چاودەگێڕن
نایانبینینەوە..
چونکە چاوەکانمان
جارێکی کە
بەیەك ناگەن.

## 3.پێبکەنە

بزەت بێ، هەمیشە پێبکەنە
گەر دەتەوێ بژیت.
روخساری گەشت،
بەهارت،
خۆرت،
هەموو شتێکت خۆشبوێ
بەهارو خۆرو روخسارە گەشەکان
ژیان بە خەندەوە دەستپێکرد.

---

-لە گۆڤاری (باریش)ەوە، ژ27، 2006.




نەسرین لە بارەی ژیانی خۆیەوە دەڵێ: (ساڵی 1934 لە هەولێر هاتمە دنیاوەو لە باوەشی شیعرەکانی باوکمدا گەورەبووم، کە خۆشەویستیو ئارامیو سۆزی پێدەبەخشیم. هەر لە هەولێر ناوەندیم تەواوکرد، دواجار لە (کامبرج) بڕوانامەم لە زمانی ئینگلیزیدا بەدەسهێنا، هەر لەهەمانکاتدا لە بنکەی ڕۆشنبیریی ئەڵمانی فێری زمانی ئەڵمانی بووم، ئێستا بە پێنج زمان گفتوگۆ دەکەم، یەکێ لە شیعرەکانم کە بە ئینگلیزی نووسیم پاداشتی پێ درا). تا ئێستا دوو کۆمەڵە شیعری بەچاپگەیاندووە (خەونی دەریا، دوو شار).

ئەم شاعیرە بەهرەیەکی شیعریی بەرزی هەیە. شیعرەکانی ئەوە دەسەلمێنن کە ڕۆشنبیرییەکی فراوانو شارەزایی شاعیر دەسەلمێنێ، وایکردووە جێگایەکی دیار لە شیعری تورکمانیدا بۆ خۆی دیاری بکات. ئەو بەرهەمانەی لە کۆتایی پەنجاکانەوە تا سەرەتای حەفتاکان بڵاویکردەوە کاریگەرییەکی دیاری کردە سەر بەرهەمی شاعیرانی ئەوسا، تا ئێستاش ئەم کاریگەرییە هەر بەردەوامە. ئەوەی جێگای سەرنجە لە ناوەڕاستی حەفتاکانەوە تا کۆتایی نەوەدەکانی سەدەی ڕابوردوو هیچ بەرهەمێکی بڵاونەکردۆتەوە، بەڵام خۆشبەختانە لە سەرەتای ساڵی (2000)ەوە سەرلەنوێ تێهەڵچووەوە.

ڕەخنەگر (أکاە ئوتن) شیعرەکانی کار لە ناخی مرۆ دەکەن، کاتی خۆی شیعرەکانی هەرایەکی نایەوە بەو ڕێبازە نوێیەوە کە هاتە مەیدانەکەوە –کە ئەو کاتە پشتگیریی ئەو تەرزە شیعرانە دەکرا– سەرنجی خوێنەرانی بۆ خۆی ڕاکێشاو وەرچەرخانێکی لە شیعری تورکمانیدا پەیداکرد. لەنێو ئەو بارودۆخە سیاسییە ئاڵۆزەی شەستەکاندا

شاعیرییەتی نەسرین گەشەیکردو تەقییەوە بە دیدێکی پێشکەوتنخوازو هەستێکی راستگۆوەوە رەوتی شیعری تورکمانیی بەرەو ئاقارێکی نوێ کردەوە، ئەو کاتەش زۆرتر پەنای بۆ رەمز دەبرد بۆ دەربڕین لەو بارودۆخە ئالۆزە، وەکو شیعری (گەردی گەلاکان، پاڵەکانی نەورەس، میوەی بەردین، گورگە برسییەکان..).

نەسرین دەلالەتو رەهەندێکی قووڵ بە وشەکان دەداو مانا ئاساییەکان تێدەپەڕێنێ، بەمەش توانیویەتی سنوورەکان ببەزێنێو بەسەر ئاستەنگەکانی دەربڕیندا بازبداتو رۆح بخاتە بەر شتە بێ رۆحو وەستاوەکانو خەسڵەتێکی زیندوویان پێ بدات. نەسرین گەلێ رێگای هونەری لە دامەزراندنی بونیەی شیعری لە شیعرەکانیدا بەکاردێنێ.. ئەو رەمزانەش کە بەکاریدەهێنێ رەمزەکانی ناو ئەفسانەو مێژوو بەکارناهێنێ، رەمزەکانی لە سروشتەوە هەڵدەهێنجێنێو رۆحێکی زیندوویان دەداتێ، کە لەگەڵ بونیادی شیعرەکانیدا بگونجێن. نەسرین لە شیعرەکانیدا روو لە ئازارو نائارامیو دڵەڕاوکێو هەست بەنامۆییو تەنیایی مرۆو چاوەڕوانیی بێهودەو درێژخایەن دەکاتو بە وێنەی شیعری مۆسیقادار دەریان دەبڕێ.. (بەیانیانە باراناوییەکان، خەیاڵێکی نەرمی چۆلەکەئاسا، بارانی نەفرەت باخچەکەمی ژاکاند)و گەلێکی دیکە، کە بۆ شیعری تورکمانی نوێبوون، سەرەڕای پشتگوێخستنی کێشو سەرواو راستەوخۆییو وەعزدادان.

باهۆزەکە ناتوانی بەرم لێبگری

دەبا پەرژینەکان رێگەیان گرتووم بشکێن..

ئەم کۆتەی مەچەکم لاچێ

دەبا تۆڕی یادەوەرییەکان هەڵوەشێنەوە

ئەوکاتە بیری منو تۆ ئاوێزان دەبن

بە تووڕەییەوە دەگەڕێمەوە

هەناسەکەم بەتوندی لە دەرگاتان دەدات

بەردیش لەژێر پێمدا هەڵدەلەرزێ

شەوانیش لەژێر پێی هەنگاوەکانمدا لەرز دەیکرێ

دارەکان لەنێو تاریکانی لێرەوارەکاندا بۆم دەچەمێنەوە

باهۆزەکە تۆ ناتوانی جڵەوم بکەی

من تاریکایی ئاودەدەم

بەدەورماندا باران ئاوپرژێنی عەشقت دەکا

دە لەنێو تاریکایی لەرزۆکی شەودا چاوەڕێمبە

تارمایی شەرێك لە ئاسۆ دیارە

بەنیازی کەشتیوانێك

پەردەی ئەدەبی هەڵدەکات

ئەی با ناتوانی رێگەمان نەدات

وا نزیك بووینەتەوە لە کۆتایی.

# چوار شاعیری تورکمان*

**حەیدەر بیاتلی**



بەر لەوەی ئەم چوار دەنگەتانە پێ بناسێنم و لێرەدا هەندێ لە شیعرەکانیان وەك نموونە بهێنمەوە، دەمەوێ زۆر بە کورتی خێرا ئاماژە بۆ سەرهەڵدانی شیعری سەربەستی تورکمانی بکەم. شاعیرو رەخنەگر مامۆستا (هانی صاحب) لەم بارەیەوە دەڵێ: (بەپێی داوای هەندێ شاعیر لە پێش ساڵی 1954،[1] –کە ساڵی یەکەم هەوڵدانە لەم بارەیەوە– ئەو تەرزە شیعرەیان نووسیوە، بەڵام ماوەی بڵاوکردنەوەیان نەبووە. ئاشکرایە شاعیران (عبدالطیف بندر اوغلو و عبدالخالق بیاتلی)، لە پێشەنگەکانی ئەم تاقیکردنەوەیەن. یەکەمیان ساڵی 1950 و دووەمیان 1953 شیعریان بڵاوکردۆتەوە)[2].

هانی صاحب لەو لێکۆڵینەوەی کە لەبارەی شیعری سەربەستی تورکمانەوە ئەنجامی داوە، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، ساڵی 1954 (عنایت

رفيق) لە رۆژنامەی (افاق) کە لە کەرکوك دەرچووە، شیعرێکی بەناوی (دڵ)ەوە بڵاوکردۆتەوە، گوایە هەمان شیعری ساڵی 1953 بۆ رۆژنامەی (التقدم) ناردووە، بەڵام بڵاونەبۆتەوە.

خاڵی گرنگ ئەوەیە، ئەم تەرزە شیعرە چەسپاو لە ساڵانی شەستەکاندا چەند کۆمەڵە شیعرێك بڵاوبوونەوە، لەلایەن (نسرین اربیل) بەناوی –خونی دەریا– (عبدالطیف بندر اوغلو)ش کۆمەڵێکی بەچاپگەیاند بەناوی (گۆرانیی خۆر)[3]، بەڵام (عنایت رفیق) لەدوای ساڵی 1953 هیچی دیکەی بڵاونەکردۆتەوە. هانی صاحب جەخت لەسەر ئەوە دەکات: شیعری نوێ لە ئەدەبی تورکمانیدا لەسەر دەستی (نسرین اربیل و عبدالطیف بندر اوغلو و عبدالخالق بیاتی و صلاح نورس) پەرەی سەند و چەسپا.

ئەمرۆ دەبینین دەیان شاعیر بەو تەرز شیعر دەنوسن و لەنێو خوێنەران و ناوەندە ئەدەبییەکەدا جێگای شیاویان بۆ خۆیان کردۆتەوە، لەوانە (حمزە حمامجی، قحطان هرمزی، نصرت مردان، محمد عمر قزاجی، رمزی چاوش، د. جوبان خضر، د. مصطفی ضیائي، جلال پۆلات)و گەلێکی تر لە مەیدانمەکەدان، بەڵام (نسرینو عبداللطیفـ صلاح نورس) جێگایەکی دیاریان لەناویاندا داگیرکردووە. لەم نووسینەدا بەکورتی چوار شاعیرتان پێ دەناسێنین:

**د.عبداللطیف بندر اوغلو**

یەکێکە لە پێشەنگەکانی بزوتنەوەی شیعری نوێی تورکمانیو بە شایستەیی خۆی ئاڵای نوێکەرەوەی شیعری تورکمانی هەڵگردووە، توانیویەتی شیعری تورکمانی بگەیێنێتە ئاستێکی شیاو، کە شیعرەکانی لە تورکیاو ئازەربایجانو بولغاریا بە تورکی بڵاوکراونەتەوە، سەرنجی رەخنەگرانی راکێشاوەو لەو وڵاتانەدا گەلێ لێکۆڵینەوەو وتاریان لەبارەوە بڵاوبۆتەوە. (بندر اوغلو نوێخوازییەکەی لەوەدایە بونیادی شیعری تورکمانی گۆڕی، ئەو (قەسیدەی مرەوەری) هێنایە نێو شیعری تورکمانییەوە[4]، هەروەها هەندێ وشەو دەربڕینی سیاسیی بەرکاهێناوە لای شاعیرانی تر بەکارنەهاتووە، هەروەکو (صاری کهیە) دەڵێ: ئەو شیعری تورکمانی بە ناوەندی ئەدەبی جیهانی ناساندو گەیاند...)[5] بندر اوغلو بەوە ناسراوە شیعری شۆڕشگێڕانە دەنووسێ، ئەو رووداوو بەسەرهاتانە دەقۆزێتەوە کە روویانداوە یا پێشبینیی روودانیان دەکات، هەمیشە گەشبینەو ئومێدو هیوایەك پێشبینی دەکات.. خاوەن رۆشنبیرییەکی فراوانەو بە هۆشدارییەوە شیعر دەنووسێ، ئەم خەسڵەتانە لە زۆربەی شیعرەکانیدا دەبینرێ.[6]

بە زمانێکی روون و قووڵ دەنووسێ، گرنگی بەوەش دەدات، هەر بە وشە تابلۆیەکت بۆ دەنەخشێنێ بە ئاسانی لەبیر ناچێ. فاروق کوپرلو لەو کتێبەیدا کە لە شیعرەکانی بندر اوغلو دواوە دەڵێ: (لە پێشەوەی شاعیرانی تورکماندایە، کە نوێخوازی بە (وعی)و تێگەیشتنەوە لە مانای شیعر گەیشتووە.[7] هەروەك چۆن رەخنەگرانی تورکمان گرنگییان بە ئەزموونی شیعری ئەم شاعیرە داوە، رەخنەگرانی ئازەریش چەندین لێکۆڵینەوەو باسیان لەبارەی شیعرکانییەوە نووسیوە، لەوانە پرۆفیسۆر بەختیار وهاب زادە، پێشەکییەکی گرنگی بۆ کۆمەڵی شیعری (قەرەنفل) نووسیوەو ساڵی 1977 لە باکۆ چاپکراوە: (بندر اوغلو لەو شاعیرانەیە وەك دارێکی رەگ قووڵ لە دڵی نیشتمان و گەلدا رواوە.. لەپێش هەموو شتێکدا بوونی خۆی بە بوونی نیشتمان و گەل دەبینێ و بەختەوەریی خۆی لە بەختەوەریی گەلەکەیدا دەبینێ و بۆ پاشەڕۆژێکی رووناکی گەل و

نیشتمان دەروانێ..) هانی صاحبی رەخنەگریش دەڵێ: ئەو لایەن و کێشەو بابەتانەی بندر اوغلو دەستی بۆ بردوون قووڵیی ئەزموونی شیعری دەسەلمێنن).[8] بندر اوغلو کێشە ئەزەلییەکانی مرۆی کردۆتە بابەتی شیعرەکان، لەگەڵ ئەوەشدا شتە بچووکەکان و خەمی رۆژانەی خەڵکە سادەکەشی فەرامۆش نەکردووە، بە وێنەی شیعری جوان و کاریگەر هەموو ئەمانەی دەربڕیوە. نصرت مردان دەڵێ: (هەرچەندە وێنە شیعرییەکانی سەرەڕای چروپڕی و جەنجاڵییان، بەڵام ئومێدو هیوایەکیان لەپشتەوەیە).[9]

**د. چۆپان خزر حەیدەر**

شاعیرێکی رەشبینە.. لە شیعرەکانیدا نائومێدی و بێهودەیی ژیان و تراژیدیا دەخوێنێتەوە، بەڵام لە ویژدانێکی رۆمانسییانەی راستگۆیانەوە هەڵقوڵاوە، سۆزێکی مرۆیانەی پاکیش لە توێی وشەکانیەوە دەدرەوشێتەوە. رەنگدانەوەی تاقیکردنەوەیەکی پڕ لە موعانات و ئازار و ململانێیەکی سەخت و تاڵە شیعرەکانی، هەست بە راستگۆیی دەکەی لە دەربڕینیاندا، سادەو ئاسان، هەندێجار تا رادەی راستەوخۆ دەریان دەبڕێ، کە لە ئاستی هونەریی شیعرەکانی کەم دەکاتەوەو پێویستیان بە شێوەی دەربڕینی نوێی پێشکەوتوو هەیە.[10] سەرەڕای شاعیرێکی کەم بەرهەمە، بەڵام جۆرە تایبەتمەندییەکی خۆی هەیە و شیعری چوپانی پێ دەناسرێتەوە..[11] لە هەندێ شیعریدا هەرچەندە هەوڵی داوە تیشکێك لە کۆتایی تونێلەکانەوە ببینێ، بەڵام هەرچەند دەکات ناتوانێ خۆی لەو بێهودەیی و نائومێدییە رزگار بکات.

**محمد عمر قزانجی**

بە پێچەوانەی چۆپانەوە، بە چاوێکی پڕ لە خۆشەویستی و ئومێدەوە دەبینێ. زیاتر شێوازی پەخشانە شیعر بەسەر شیعرەکانیدا زاڵە. جۆرە دەربڕینێك بەکاردێنێ شیعری تورکمانی پێی رانەهاتووە، پێشتریش شاعیرانی دیکە ئەو پرکێشییەیان نەکردووە[12] هەندێجار پەنا بۆ کولتووری میللی و خوریات دەبات و لەناو شیعرەکانیدا بەشێوەیەکی گونجاو لە شوێنی خۆی بەکاریان دەهێنێ،[13] دەبێت لێرەدا ئەوە بڵێین قزانجی یەکێکە لە شاعیرانی حەفتاکان، وەکو (نصرت مردان و حەمزە حەمامچی و رەمزی چاوش) کاریگەریی بندر اوغلویان پێوە دیارە،[14] بەڵام لە هەندێ شیعری دیکەدا خەریکە تایبەتمەندیی خۆی دەدۆزێتەوەو ئومێدی کردنەوەی ئاسۆیەکی نوێی لێدەکرێ.[15]

**د.مصطفی ضیائی**

لە تەمەنێکی کەمدا دەستی بە شیعرنووسین کرد، حەکایەتە میللییەکان و ئەفسانە کۆنەکان کاریگەرییان هەبووە، بۆیە تا ئێستاش ئەو کاریگەرییەی بەسەرەوە ماوەو نەیتوانیوە لەگەڵ رەوتی نوێخوازی تورکمانیدا هەنگاو بنێ. بەزۆری ئازاری رۆژانەی خەڵکە سادەکە بابەتی سەرەکیی شیعرەکانین. هەندێ جار لە ئاخاوتنی راستەوخۆ و سادە دەچن، لە رووی هونەریشەوە لە ئاستی شیعری نوێخوازی تورکمانیدا نین.[16]

**بندر اوغلو:**

(بەرەو دنیایەك سوتانی تێدا نەبێ

وا دنیا خەریکە دەسوتێ

هەموو شتێکی تێدایە

تۆشی تێدای
دڵیشم کە بۆتە لەیستۆک
بەدەستی تۆوەیە.
***
تۆ هەیت
ئەو خۆشییەی ونمان کرد هەیە
تۆ هەیت
وشەکانیشم هەن
ئەو وشانەی دەمەوێ بۆ تۆیان بنێرم
دڵم نەیدەویست ببێتە بووکەشوشە.
کاتی شادیم لێ ونبوو
لەگەڵ لەرینەوەی باڵی مەلێکی زامداردا
هەڵدەلەرزێ و
وشەکانم بوونە زمانی شیعرم و
ئەو مەلانەش خەریکی
گوژاندنەوەی ئاگرێك بوون
لەگەڵ خۆیاندا بردمیان
بۆ دنیایەك سووتانی تێدانەبێ.
دەبا پێکەوە
روو بکەین لە دنیایەك سووتانی تێدانەبێ.

## مردن لەژێر خۆردا

لەپڕ رووی ئاسمان گۆرا
رێژنەی گوللە بەر دڵ کەوت
باڵندەکان بە سێدارەکانەوە هەڵواسران
ئەو باڵندانەی ترسیان نەدەخواردەوە
لە خەوی خوێناوییاندا راپەڕین
لە شەقەقەی باڵیان دا بەرەو خۆر
خۆریش لەرزۆکە وەکو باڵی باڵندەکان
مردنیش وەك ژیان جوانە
لەژێر خۆردا.

**د. چوبان خضر**

من ئەو کەسەم هەموو وەرزەکانم ونبوون

گوڵەکانم ژاکان و

خانەوێران..

شەوان بە گریان

رۆژ دەست لە ئەژنۆ

یەخسیری دەستی رۆژگار

لە ژیانیش مایەپووچم

ئەوەی ئەم دێرانە دەنووسێ

ئەوە منم.. من.. من.

**د. مصطفی ضیائی**

1- **سپی**

سپییە شیر

گوڵیش سپییە

مانگ سپییە

کاغەز سپییە

زۆر شتی جوانی تر

سپین..

بەڵام مردنیش سپییەو

کفنیش سپییە!.

2- **بەفرو مرۆڤ**

کە بەفر دەتوێتەوە

دەبێ بە ئاو

بەڵام هیچ لەدەست نادا

گەر مرۆڤ بتوێتەوە

هەموو شتێکی لەدەست دەدا.

**پەراوێزەکان:**

1.هانى صاحب، ازهار القرنفل.. دراسة في الشعر الحر التركمانى العراقى، ص20، وزارة الثقافة 1992.

2.المصدر نفسة، ص 20.

3.المصدر نفسة، ص 22.

4.محمد عمر قزانجى، جريدة يورد تركمانية، العدد 863 فى 1987/5/15 بغداد.

5.قاسم صارى كهية، تاريخ الادب التركمانى العراقى–ج1–ص 198.

6.د.محمد مردان، مجلة صوت الاتحاد، عدد 43، بغداد.

7.فاروق فايق كوپرلو، صقر على جناح الضلام، قراءة فى سيرة الشاعر الدكتور عبداللطيف بندر اوغلو، ص 8، بغداد 1996.

8.هانى صاحب، الشعر التركمانى الحديث فى العراق، دراسة فى اشعار الشاعر عبدالطيف بندر اوغلو، ص 29– بغداد 1988، دار الشؤون الثقافية.

9.نصرت مردان، مجلة صوت الاتحاد، العدد 35، بغداد 1984.

10.هانى صاحب، ازهار القرنفل، دراسة فى الشعر التركمانى العراقى، ص 369، وزارة الثقافة، بغداد 1992.

11.د.محمد مردان، ملامح من الشعر التركمانى العراقى المعاصر، ج 2، ص 92، 1987 بغداد.

12.هانى صاحب، المصدر السابق، ص.348.

13.الخوريات، نوع من الشعر الشعبى يكتب بوزن الهجاء، (المقاطع الصوتية) واغلبة رباعية ويتكون من سبعة مقاطع صوتية.

14. هانى صاحب، الشعر التركمانى الحديث فى العراق، ص 287.

15.د.محمد مردان، ملامح من الشعر التركمانى العراقى المعاصر، ص 286.

16.هانى صاحب، الشعر التركمانى،ص 286.

---

– ئەم نووسینە لە گۆڤاری (یورد)ەوە، لە عەرەبییەوە کراوە بە کوردی.



# تێڕامان لە نووسینی شیعر

**د.عەبدوللەتیف بەندەر ئوغلو**

هەر لە سەرەتای خوێندنمەوە لەبەر دەستی باوکم فێری نووسین‌و خوێندنی تورکمانی بووم بە پیتی عەرەبی، تا ئەمڕۆش دەستم لێ هەڵنەگرتووەو لەسەری مامەوە، کە فێری خوێندنەوەو نووسینی عەرەبیش بووم هەوڵم دا پەرە بە زمانی دایکم بدەم‌و سەرەتا (خۆریات)ی پێ بنووسم. خۆریات تەرزە شیعرێکی چوارینەیە، دێری یەکەم لە سێ یا چوار هەجا پێکدێ، سێ دێڕەکەی دواییش لە حەوت هەجا پێکدێن، کۆتایی یەکەم‌و دووەم‌و چوارەمی بە (جیناس)ێك کۆتاییان پێدێ، کە مانایەك زیاتر دەگەیێنێ، کێشی هەجاکانیش پێی دەوترێ (کێشی بڕگە دەنگییەکان)، کە کێشێکی نەتەوایەتییەو لە زمانی تورکمانییەوە هەڵقوڵاوە. هەموو شاعیرانی تورکمان بە (خۆریات) دەستیان پێکردووە، چونکی خۆریات جەوهەری ئەدەبی تورکمانییە.

هەر لە منداڵیمەوە لەنزیکەوە پەیوەندیم بە کتێبی (حوسەینیەکانەوە) هەبوو، چونکی باوکم لە بۆنەی (عاشوراکاندا) بە تورکمانی بۆ خەڵکی دەخوێندەوە لە دووزخورماتوو، کە سەر بە پارێزگای کەرکوك بوو.

ئەو بۆنەیە کە مانگی (مەحەررەم)و بیست ڕۆژ مانگی (سەفەر)ی دەخایاند، دیمەنی خوێنڕشتن‌و قوربانیدانی بیردەخستینەوە، ئێمەی منداڵیش دەچووین لە قوژبنێکەوە مێشکمانیان بەوە زاخاو دەدا کە چۆن نەوەی پێغەمبەر بەدەست زاڵمانەوە شەهیدکراون، لەو ڕۆژانەوە تێگەیشتم زاڵم‌و خوێنڕێژ لەم دنیایەدا چەند زۆرن. باوکم هەم سەرپەرشتیی ئەو بۆنانەی دەکرد، هەم بە تورکمانی ئەو کتێبانەی بۆ خەڵکەکە دەخوێندەوە. بە تورکمانییەکی ڕەوان کە شارەزاییەکی باشی هەبوو، بە دەنگە زوڵاڵ‌و خۆشەکەی کاریگەرییەکی زۆری دەکردە سەر خەڵکەکە، منیش یەکێ بووم لەوانە.

یادکردنەوەی ئەو بۆنەیە گیانی قوربانیی لەلامان دەچەسپاندو هانی دەداین لە جەورو زوڵم یاخی ببین. پاکی‌و ڕوون‌و شیرینی (ئاوەسپی)یش تۆوی برایەتی‌و خۆشەویستیی لەلامان دەچاند، لە چیاکانی (مورتەزا عەلی)ش بەرگری‌و خەبات. زمانی تورکمانی، کە زبانی دایکە هەر لە منداڵیمەوە خۆشەویستیی لە دڵمدا چەسپا، لەو کاتەوەی کە دایکم بە ئاوازی خۆش لایلایەی بۆ براو خوشکە بچوکەکانم دەکرد. نەوەی من، ئەوانەی لە تەمەنی مندابوون، فێری نووسین‌و خوێندنی تورکمانی نەبوون، چونکی لە قوتابخانەکاندا بە عەرەبی دەخوێندرا، مەگەر یەکێ خۆی هەوڵی خوێندن‌و نووسینی بە تورکمانی دابێ، بەڵام من بەهۆی باوکمەوە هەر لە سەرەتای خوێندنمەوە لەگەڵ عەرەبییەکەدا فێری خوێندن‌و نووسینی تورکمانیش ببووم. لە ساڵی 1950دا یەکەم هەڵبەستم بە تورکمانی نووسی، تیایدا زۆر لایەنی کێش‌و سەروام پشتگوێ خستووە، بێگومان بۆ ئەو دەمە کارێکی نوێ بوو، ڕاستییەکەشی لەژێر کاریگەریی (نازم حیکمەت)دا ئەو شیعرەم نووسیوە، نەك لەژێر کاریگەریی شیعری نوێی عەرەبی، کە نازك مەلائیکەو سەیاب‌و بەیاتی دەنگی دیارو دامەزرێنەری بوون. ئەو شیعرە دواتر لەلایەن چەند ڕەخنەگرێکی تورکمانەوە هەڵسەنگێنراو لەبارەیەوە چەند نووسینێکیان بڵاوکردەوە، لەوانە: (هانی صاحب‌و د.محەمەد مەردان‌و فاروق فایەق)و چەند نووسەرێکی دیکەوە، کە بە دەسپێشخەرییان داناوەو بە یەکەم شیعری تورکمانی لە عیراق دانراوە، کە بەو تەرزەو بەو فورمە نووسرابێ.

هەر زوو، لە تەمەنی لاوێتیمدا کەوتمە نێو گەرداوی سیاسەت‌و دەریای هەڵچووی، ئەوەبوو لە ساڵی 1952دا گیرام، ئەودەمە ڕۆژنامەی (راية الشغيلة) هەواڵی دەسگیرکردنەکەمی بڵاوکردەوە، کە لە کەرکوك بەندکرابووم. (مەلا ڕەزا نوکەیی) شەهید، لە قەرەتەپەوە بە شەمەندەفەر هەموو هەفتەیەك سەردانی دەکردین و لەگەڵ خۆیدا ڕۆژنامەی عەرەبیی بۆ دەهێنام بۆ دووز. جارێکیان لەیەکێ لەو سەردانانەیدا بەدزییەوە ڕۆژنامەیەکی بۆ هێنابووم، کە بە ڕۆنیۆ چاپکرابوو بە زمانی تورکمانی، ئەویش (وطن اوغروندا– لەپێناو نیشتماندا) بوو. ئەوە یەکەم ڕۆژنامەیەکی نهێنی بوو کە بە تورکمانی دەربچێ، لەو ڕۆژنامەیەدا شیعرێکی (نازم حیکمەت)ی تێدا بڵاوکرابووەوە، لەگەڵ شیعرێکی (تۆفیق فکرت)دا، سەرەڕای چەند وتارێکی سیاسی بە تورکمانی، ئێمەش بە شەو چەند دایەکمان لە کۆڵانەکاندا بڵاوکردەوە، بۆ بەیانییەکەی ژمارەیەکی زۆر لاویان گرت، منیش یەکێك بووم لەو گیراوانە.

ڕۆژنامەی (وطن اوغروندا) بۆ من سەرەتای وەرچەرخانێك بوو، پزیسکی شیعری خەباتگێڕی پێشکەوتنخوازی واقیعی بوو، کە کاریگەریی کردە سەر ڕێڕەوی ژیانم. داوام لە مەلا ڕەزا کرد، هەرچی چۆنێ

دەبێ شیعرەکانی (نازم حیکمەت)م بۆ پەیدا بکات.. پەیدابوو، ئیتر بوومە خوێنەرێکی بەردەوامی ئەو شاعیرە خەباتگێڕە. شیعرەکانی ئەم شاعیرە کاریگەرییەکی زۆری هەبوو، ئیتر لەژێر کاریگەریی قوتابخانەی واقعی ئیشتراکی مامەوەو بۆ یەکەم جاریش لە شیعری تورکمانی ئەم ڕێبازە لە شیعردا پەیدابوو. ئەدەبی تورکمانی لەو سەردەمەدا ئاستێکی وای نەبوو، دووبارەکردنەوەی شاعیرە کلاسیکییە کۆنەکانو بیری دواکەوتوو و بە زمانێکی پڕ لە وشەی عەرەبیو فارسی بوو، چونکی ئەو ڕۆژگارە کەم خوێنەری تورکمان بەلای زمانی خۆیدا دەچوو. خوێندن بە عەرەبی بوو و بڵاوکراوەو ڕۆژنامەی تورکمانی نەبوو. ڕۆشنبیرانی تورکمان زۆرتر بە عەرەبی دەیاننووسی، هەتا خۆشم چەند چیرۆکێکم بە عەرەبی نووسیو لە ڕۆژنامەی (صوت المحاربین) کە لە بەغدا دەردەچوو ساڵی 1954 بڵاوکردەوە. لەبیرمە کاتێ لە پەیمانگەی ڕاهێنانی پیشەیی قوتابی بووم لە کەرکوک -کە سەر بە کۆمپانیای نەوتی عیراق بوو- مامۆستایەکی میسری ناوی -ریاض- بوو دەرسی پێ دەوتین، هەموو وانەکان بە ئینگلیزی بوو دەرسی ئەو مامۆستایە نەبێ، نازانم چۆن زانیی ئارەزووی خوێندنەوەو ئەدەبو نووسیم هەیە، پرسیاری ئەوەی لێکردم کە ئایا هیچ بەرهەمێکم لە ڕۆژنامەکاندا بڵاوکردۆتەوە؟، منیش پێیم گوت: دوو چیرۆکم بەناوی -اللقاو الاخیر، الحیاه الشائکە- بڵاوکردۆتەوە. یەکێکیان خەباتی جوتیارانی دەردەبڕێ دژ بە دەرەبەگ. تومەز خوێندوویەتییەوە بۆیە دەستیپێکرد، کە من هەڵگری بیروباوەڕی ڕوخێنەرانەم، هەفتەیەکی پێ نەچوو گیرام، دوای چەند ڕۆژێك بە کەفالەت بەربووم.

بۆ ماوەی چەند ساڵێك مەلا ڕەزای تورکمانم نەدیو نەمدەزانی لەکوێیە. پێش شۆڕشی تەمموزی 1958 لە شۆرجەی بەغدا یەکمان بینی. مەلا شارەزاییەکی باشی هەبوو لە عەرەبیو تورکمانیدا، چەندین قەسیدەی بە عەرەبی تورکمانی نووسیوەو لە بۆنەکانی عاشورادا دەیانخوێندەوە، بەڵام بەداخەوە لە کۆدەتاکەی 8ی شوباتی 1963دا لەژێر ئازارو ئەشکەنجەدا گیانی بە نیشتمان سپارد. بەو بۆنەیەوە شیعرێکم نووسی بەناوی (سمفونیە شوبات) لە کۆتایی شەستەکاندا لە یەکێ لە کۆمەڵە شیعرەکانمدا بڵاوبۆتەوە. پێش ئەو کۆدەتا شوومە لە ناوەڕاستی ساڵی 1962دا بوو دەستنووسی کتێبی (عیراق تورکمان أدبیاتی یولندا بیر أدم- هەنگاوێك لە ڕێگای ئەدەبی تورکمانی عیراقدا) بە (ڕەزا جەلیل)دا چاوێکی پێدا بخشێنێ، دوای چەند ڕۆژێك بۆی هێنامەوە، گەلێ پێشنیاری بەسوودی پێدام، منیش بەقسەیم کرد. ئەم کتێبە لە چاپخانەی -الادیب- لە بەغدا چاپکرا، ئەمە یەکەم کتێبی چاپکراوم بوو بە زمانی تورکمانی. دوای 8ی شوباتی ڕەش ساڵی 1963، لەبەر بارودۆخی سیاسیی ئاڵۆزی عیراق ناچاربووم بە پاسپۆرتێکی ساختەوە خۆم بگەێنمە (لوبنان). دوای دە ڕۆژ چاوەڕوانی، لە لوبنانەوە بە پاپۆڕ چوومە یۆنان، لەوێشەوە بۆ صۆفیاو ماوەی ساڵێك لەوێ مامەوە. ئەو دە ڕۆژەی لە لوبنان بووم ڕۆژانە شاعیر (بلند حەیدەری)م دەدی لە یەکێك لە چایخانەکانی ئەوێ، لەگەڵ کۆمەڵێ ئاوارەی دیکەدا دادەنیشتین، بەتەنگ هەموومانەوە دەهاتو گەلێ یارمەتیی داین.

ئەو ساڵەی لە صۆفیا بووم ساڵێك بوو تژی لە ئەزموونی ئەدەبیو ڕۆشنبیریو گەلێ شیعریشم لەوێ نووسی، هەموویانم ساڵی 1969 لەژێر ناوی (گونش شارقیسی -سروودی خۆر)دا بڵاوکردەوە. هەندێ لەم شیعرانە بە عەرەبی کردووەو ساڵی 1980 لە کۆمەڵەی شیعری (عروق البحر-ڕەگەکانی دەریا)

بڵاوبووەوە. هەر لە صۆفیا شانۆنامەی (أرزی‌و قنبر—ئارزی‌و قەنبەر—یان ئەوانەی لەپێناو خۆشەویستیدا مردن)م بە تورکمانی نووسی، لەو کاتەدا چەند جارێك لە ئێستگەی صۆفیا —بەشی تورکی— خوێندرایەوە، هەروەها هەر لەو ماوەیەی لە صۆفیا بووم رۆمانێکم نووسی بە تورکی، کە گەڕامەوە عیراق لای برادەرێکم دانا، بەڵام بەداخەوە نە برادەرەکەم بینییەوە نە ئەو رۆمانە.. لە صۆفیا لە فیستیڤاڵو بۆنە ئەدەبییەکاندا بەشداریم دەکردو شیعرم دەخوێندەوە، بەتایبەتی لەو میهرەجانەی بۆ پاڵپشتو پشتگیریکردنی زیندانییە عیراقییەکان لە صۆفیا بەسترا، لەوێدا شیعرێکم خوێندەوە بە تورکی‌و شاعیر رەشید یاسین وەریگێڕایە سەر زمانی عەرەبی، بەبۆنەی ئەو شیعرەوە لە عیراق 8 ساڵ حوکمی غیابیان دام. ئاوارەبوونم لە صۆفیا وایکرد رەنگدانەوەی ئازاری دووریی نیشتمان‌و خێزان‌و دۆستانمی تێدا رەنگی دایەوە، ئاوارەیی کاریگەری‌و تامێکی تایبەتی هەبوو، کاریکردە سەر کەسایەتی‌و پێنووس‌و شیعرەکانم، کە لە تۆی وشەکاندا رەنگیان دەدایەوە، لەلایەکی دیکەوە قۆناغێك بوو شارەزای دنیایەکی ترو ئەزموونی نوێ بووم، ئەو ساڵانەش ساڵی نوێخوازیی شیعرو قوڵبوونەوە بوو لە بونیادی شیعرو زمانی شیعر. ئەو ئاوارەبوونە بەزۆر بەسەرما سەپێنراوە تاقیکردنەوەیەك بوو هەموو رۆژێ شتێکی نوێی فێردەکردم، بەردەوامبوون‌و تێکەڵبوونێك بوو لەگەڵ کولتووری ئەو میللەتانەی بۆ ئازادی‌و سەرفرازی هەوڵیاندەدا، ئاوارەبوونم سەرەتای لەدایکبوونی زمانێکی نوێ بوو، کە لەگەڵ رۆحی سەردەمەکەدا بێ، ئەو شیعرانەی دەمنووسین لەڕووی زمان‌و بونیادی شیعرەوە لە شیعری تورکمانیدا نوێبوون‌و لە ئەدەبەکەماندا —لە عیراق— دەستیان بۆ نەبرابوو.

لە ژیانی ئاوارەییمدا جەستەو ئاوەزم لەگەڵ ئازارو زەحمەتیدا راهاتن، بەتایبەتی دوای ئەوەی پەیوەندیم لەگەڵ ئەو رێکخراوەی لە هێشتنەوەی من لەوێ بەپرسیاربوو تێکچوو. توانیم بە کاری رۆژانەو پاداشتی نووسینەکانم کە لە رۆژنامەو ئیستگەی بەشی تورکی بڵاودەبووەوە بژم، لەو کاتەدا (ماریا)ی هاوڕێ‌و مامۆستام گەلێ لە ئازارو زەحمەتییەکانی کەمدەکردەوەو دەرەواندەوە، هەر لەو کاتانەدا یەك دووجار نەشتەرگەریی گورچیلەم بۆ کرا، بۆ پاداشتی ئەو وەفایە چەند شیعرێکم بۆی نووسیوە، بەڵام بەداخەوە لەو ساڵانەوە نە چاومان بەیەکتر کەوتەوە نە ئاگامان لەیەکتر ما. هەر لەو ماوەیەدا دۆستایەتی‌و ناسیاویم لەگەڵ چەندین نووسەری تورکی بولغاری پەیدا کرد.

بەنیازی گەڕانەوە بۆ عیراق (صۆفیا)م بەجێهێشتو گەڕامەوە (لوبنان) لێرەشەوە بە پاسپۆرتێك کە بەناوی خۆمەوە نەبوو گەڕامەوە عیراق. هەر لە بولگاریا پەیوەندیم بە رێکخراوەکەمەوە نەما بەهۆی هەڵوێستی ئاشکرام سەبارەت بە هەندێ بابەتی سیاسییەوە، کە پەیوەندیی بە هەندێ کێشەی نەتـــەوایەتییەوە هەبوو —لێرەدا ماوەی باسکردنی نییە— سەرەڕای دابڕانیشم لە رێکخراوەکە، بەڵام لەو بڕوایەدا بووم مرۆ کە بیرێکی پێشکەوتنخوازانەی هەبێ چەند کێشەو ئاستەنگو گوشاریشی بخرێتە سەر ناتوانێ واز لە بیری پێشکەوتنخوازانەی خۆی بهێنێ، بەڵکو دەتوانێ بۆ قازانجو بەرژەوەندیی نەتەوەکەی‌و زمان‌و نیشتمانەکەی تەرخانی بکات، بەتایبەتی ئەگەر ئەو کەسە شاعیر بوو یا نووسەر. شاعیری گەورەی تورك (ناظم حیکمەت) کاتی خۆی لەگەڵ حزبی شیوعیی تورکیداو لەگەڵ سیاسەتی یەکێتیی سۆڤێت ناکۆك بوو، بەڕادەیەك کەوتنە بەربەرەکانیکردنی، بەڵام ئەو وەك مرۆڤێکی پێشکەوتنخوازو شاعیرێکی مرۆڤایەتی مایەوە.

کە بەناوێکی ترەوە گەڕامەوە عیراق، ژیانم ڕێڕەوێکی دیکەی لەبەر گرت، بۆیە نەخۆشی لەلایەك‌و بەخێوکردنی خێزانێك ئاسان نەبوو. دەستم کرد بەکارکردن و لە مەکتەبێکی ئەندازیاری دامەزرام، خاوەن کارەکە باری سیاسیی منی دەزانی، بۆیە بووە پشتیوانم‌و یارمەتیی دەدام.

باری سیاسی‌و ئابووریی عیراق ڕۆژ بەڕۆژ بەرەو داڕوخان‌و ئاڵۆزبوون دەڕۆیشت، ئازاری ڕەشە خەڵکەکە لەلای من بووە پاڵپێوەنەرێکی بەهێز، کە بە شیعر خەمەکانیان دەربڕم، لە نووسینی شیعریشدا کە دەست بە شیعرێ دەکەم تا تەواو نەبێ دەستی لێ هەڵناگرم، دەگمەنیش دەسکاریی دەکەم، بێجگە لە گۆڕینێکی کەمی هەندێ وشەو دەربڕین، وەکو خۆی بڵاوی دەکەمەوە..

لە بەغدا ڕۆژنامەی –یورد– کە ڕۆژنامەیەکی هەفتانەی ئەدەبی بوو کە سەرپەرشتیم دەکرد، بەهۆیەوە پەیوەندیم لەگەل گەلێ نووسەرو شاعیری دەرەوەو ناوەوەدا پەیدا کرد، لەوانە (یەشار کەمال، عەزیز نەسین)، ژمارەیەك لە شاعیرە تورکمانەکانی ئازەری و تورکمانستان، لەوانە: (بردی گربابیف، سلێمان ڕۆستەم، بەختیار وەهاب زادە، نەبی خزر...)و چەندین شاعیرو نووسەری تر. لە زۆربەی میهرەجان و کۆنگرە ئەدەبییەکاندا لە مۆسکۆ، ئالما ئاتا، باکۆ، بەرلینی ڕۆژهەڵات، ئەنقەرەو ئەستەموولێ بەشداریم کردووە. لە باکۆو ئەنقەرە چەند کۆمەڵە شیعرێکم چاپکراون‌و تا ئێستا چواردە کۆمەڵە شیعرم بە تورکی‌و ئازەری‌و تورکمانی بڵاوبۆتەوە، هەروەها دە کتێبیشم بە عەرەبی لە بواری وەرگێڕان‌و مێژووی ئەدەبی‌و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی‌و زمانەوانی بڵاوبوونەتەوە. هەمیشە هەوڵی ئەوەم داوە لە دنیای شیعر دوورنەکەومەوە، بەڵام هەژاریی ئەدەبی تورکمانی لە بواری ڕەخنەو فۆلکلۆرو لێکۆڵینەوەی زمان‌و ئەدەب، ناچار لەو بوارانەشدا چەند کارێکم ئەنجامداوە. تا لە بواری فەرهەنگەوە لەگەڵ بەڕێزێکی دیکەدا محەمەد خورشید داقوقلو– فەرهەنگێکی (عەرەبی–تورکی) لە چوار بەرگدا بەچاپگەیاندووە.

نووسینی شیعر لەلای من حاڵەتێکە لە –وجد– یان ژانی لەدایکبوونێکە پڕە لە هێشووی ئازار، کە لەپێش چاومدا هەڵوسراوە، هەوڵدەدەم دانەیەکی ببێتە تۆوی شیعرێك. لەدوای نووسینی هەر دێڕێکدا کەمێ لەو ئازارە سوکناك دەگرێ‌و تاڵیی ژیان لەلام دەڕەوێتەوەو جۆرە خۆشییەك لەلام چەکەرە دەکات. ئەوەی شایانی باسە شیعرێکی درێژم هەیە، کە (1584) بڕگەیە خوالێخۆشبوو وەرگێڕو نووسەری نەمر شوکور مستەفا بە کوردیی کردووە، هەمان شیعر لەلایەن شاعیرو ڕەخنەگری تورکمان مامۆستا (هانی صاحب)ەوە کراوە بە عەرەبی‌و ساڵی 2006 چاپکراوە.

هەر لە سەرەتای شیعرنووسینمەوە لەو بڕوایەدا بووم شیعر دەتوانێ ڕووی دنیا بگۆڕێ‌و دەتوانێ ببێتە ئاگرو چەوسێنەران بسووتێنێ‌و کۆتایی بە جەورو ئازار بهێنێ، ئێستاش لەو بڕوایەدام ڕەنگە کەس بڕوای بەم بۆچوونە نەبێ، من ئەو بڕوایەم ناگۆڕێ شیعر تا دنیا بمێنێ دەمێنێتەوەو بۆ نیشتمان‌و مرۆوایەتی و ئازادی گۆرانییەکی بێ کۆتایە.

چەند شاعیر ئاڵای خۆی هەڵکردو لەپێناوی ڕاستیدا هەڵواسرا.. بڕوانە لۆرکا، تەماشای نازم حیکمەت بکەن چۆن دەربەدەربوو، نیرۆدا چۆن مرد..؟ ئەوەی پاڵی پێوەنام بەردەوام بم لەسەر شیعری شۆڕشگێڕانە، ناوێڵیەکانی ژیان‌و ئازاری خەڵك بوون. شیعرەکانم بێ جیاوازی دەڕواننە ئازاری مرۆکان،

لەگەڵ کێشە ئینسانیو نەتەوایەتییەکانی هەموو میللەتان دام هەرچەندە لێمەوە دوورین، شیعرەکانم سەرکۆنەکردنو بەگژاچوونی چەوساندنەوەو ئازاری مرۆڤو تواندنەوەی نەتەوایەتییە. هەر لە ساڵی 1966 تاکو ئەمڕۆ گەلێ لێکۆڵینەوەو وتار لەبارەی شیعرەکانمەوە لەلایەن نووسەرانی عەرەبو بیانیو تورکمانەوە نووسراون، لەوانە شاعیرو ڕۆماننووسی عەرەب (فازل عەززاوی)و رەخنەگری تورکمان (هانی صاحب)، کە ساڵی 1988 لە بارەی شیعرەکانمەوە کتێبێکی بەچاپگەیاند، لەژێر ناوی (الشعر التركماني الحديث في العراق، دراسة في أشعار الشاعر عبداللطيف بندر اوغلو).

هەروەها ساڵی 1996 فاروق کوپرلو کتێبێکی بەناوی (صقر علي جناح الظلام) لە بەغدا بەچاپگەیاند.

**(ئازار هی من ئاوات هی تۆ**

**باهۆز هی هەموومان)**

(ئەمە بەشێکە لەو چامە درێژەی شاعیر (عبداللەتیف بەندەر ئوغلـو)، کـە خوالێخۆشـبوو (شـوکور مستەفا) لە تورکمانییەوە بە کوردیی کردووەو لە نامیلکەیەکدا ساڵی 1989 لە بەغدا بەچاپی گەیاند)

**شیعری: عەبدوللەتیف بەندەر ئوغلو**

**وەرگێڕانی: شوکور مستەفا**

وتەی بەسەر لێوانەوە بەهێز بەپریشك بوومان،
چاوە چاو لەڕێی بە هەراسانییەوە راسیانی بەرەبەیانمان،
دڵە کێشکەی بە هەتاو خۆشۆرەی
لە دژ دیلێتیی ڕۆژگار یاخی بوومان،
بە خۆشەویستییەوەت دە باخەڵی جیهان دەخزێنیّ.
لەنێو دڵی ئەسکلاویی
ڕۆژگاری لە کێش بەدەردا،
خۆشتو خۆشەویستانیشت
لەئامێز دەکاو،
وەك بیبیلەی چاوانت
دەیانپارێزیّ.
کەچی ڕۆژگار،
نە گویّ بە ئێمە دەداو،
نە بە تۆیش.
ڕۆژگار،
خوانێکی سەردایۆشراوە بەرانبەرمان
چاوە چاوی
ئەو دیلانەیە،
لە تاریکستانی چەرخەکاندا تاساون.

هەرچی دیلەکانی چەرخی بیستەمن،
بە هەموو شتێکی زیندوو پێدەکەنن.
ئیدی بەم ئاوایە،
لەپاش ژانی لەدایکبوونێك،
لەو دەمەی گوڵووکان دەپژێن،
خۆرێکی
شلوێ، خەمبار، بێزار
لەدایکدەبێ.
خۆر،
شەکەت، خەیاڵاوی، ماندوو،
باهۆز بەرانبەرمان هەڵیکردووە،
چاوی پڕ تراویلکەکراوی
پەردە دادڕاومان،
کەسانێ دەبینن گوێ بە خوێنی رژاویان نادەن.
بەڵام بە بانگەوازێ،
بە هاوارێ،
ئەو بزانەی رۆژگار لەبیریان بردووینەوە،
لە ناخماندا بەخەبەردێن.
لە گۆڕێدا نە تاسەو ئەڵها،
نە سەرسووکێ،
نە دڵنیایی،
نە ئەو جیهانی ئەستێرانەی لە بێئاگایی ترازاوە،
نە تۆ، نە من.
وتە بە پریشك بووەکانمان
ئەسپێکن،
لە تۆی هەوراندا، ون،
ماندوو،
شاخو باڵکردن لەبیر کردوو.
هەرچی یارای بەرەبەیانیشە
سپیدەی شیرە، لە تاریكو لێڵی بەرەبەیان دزراوە
چاومان چاوەڕێی ئەوە دەکاو بیر لەوە دەکاتەوە،
گەردوونێکی لە خشتەدەرچووی،
بە فەزادا نادیار چییەو چی نییە،
دڵە کێشکەی بە هەتاو خۆشۆرمان
بەر مەمکانێکی
تازە زمانگرتووی
دەست لە ملانە.

هەرچی جیهانیشە،
ئەوە رازێکە لە باب‌و باپیرەوەمان بۆ ماوەتەوەو
هەڵێنانی ئەستەمە.
هەرچی خۆشەویستیشە،
لەنێو شا رەگی دڵاندا وشێردن،
بە بروسکە بەخەبەرهێنانی خوناوانە،
کە لە شەوێڕا لەسەر پەڕی مێخەك رادەزێن،
بە شیعر روخساری دنیا گۆڕینە.
ئەوڕۆکە بیرم لێدەکردیەوە،
ئەو خۆریاتانەی بە کاروانەکانی (ئویغوور)* ەکانەوەمان
بە ئاسەوار بۆ ماونەوە بەبیردێنمەوە
(تۆش بسووتێ
بەم ئاگرانە تۆش بسووتێ
هەرچەند عەرزەت کێشا
هەر بیکێشەو بسووتێ)
ئەوینت،
شیعرێکە لە دڵمدا چەکەرەی کردووە
پڕە لە ئازارو سەرپێچی،
شیعر
باهۆزە ئەوینێکە
دڵۆپە خوێنێکە،
دەگەڵ زیندەکردن‌و لێداشکاندندا زۆرانبازی.
ئەم دڵۆپە،
گوڵووکێکی سووری
کات بەسەرچووی
گۆی گۆماوێکی بەستووە.
بە خۆبەختکردن تێکرۆدێین
خۆشەویستانمان چۆن خۆشدەوێن
یاخیبوونیشمان وا خۆشدەوێ
خۆزگە دەکێشین کاتێکی گولووکی ئاووڕوو
دەپشکوێ لە گۆڕێ،
هەویری تێکرۆهاتن هەڵدێ،
تیشکی خۆری لە جیهان تۆراو
لە لاگوێلمان دەکەین
ساوای بەشیری دایك فێرکراوان،
لە زەینماندا وێنە دەکێشین،
ئەو رازانەی بروسکەکان لەپێش

شەبەنگە بەرۆژیاندا دەشارنەوە،
وەك لاوژەییٚ،
وەك بەستەییٚ،
وەك بووێکیان
لە چواردەوری خۆر ریزدەکەین،
نە تۆ ئەمە دەپارێزی،
نە ئەوانیش کە خۆشماندەوێن.
چنگوڕکی ئەو داڵە دڕانەی
بەرەوڕوو هەڵماندەکەنیٚ،
وەك کۆتو زنجیر لە باسکمان دەئاڵێن.
خۆشمانو خۆیەتیشمانو
خۆشەویستییەکانیشمانو
بوونی بوون ئاسایشمان لەبیردەکەین.
بیٚ ئەوەی هەست بە هیچ بێزهاتنەوەییٚ،
لە درێوی‌و خراپە بکەین،
دنێو قەپێلکی خۆ دەکشێینەوە
بیٚ ئەوەی گویٚ بە کرمی ئاوریشم بدەین
بە خەیاڵ
چاوەڕێی لەدایکبوونی رووناکی دەکەین
بیٚ ئەوەی گویٚ بە شارستانێتی بدەین،
باڵی کۆترێکی بریندار چۆن دەنگاوتریٚ،
بەو رەنگە خوێن لە چاوی خۆرەوە بەبیرو ئەندێشەماندا رێدەکا،
دووکەڵ دەوروبەر دەتەنیٚ،
رۆژگاری جەوهەری خۆدۆڕێن
لە جێگای خۆی نابزویٚ.
ناڕێکیی نێوان چاکەو خراپە
بە ئاشکرا دیارە،
ئەو وشە بریندارانەی لە ویژدانمانەوە باڵ دەگرنەوە،
لاوژەییکمان بەبیر دێننەوە:
(باڵ دەگرێتەوە
مەل دەفریٚ باڵ دەگرێتەوە
دەمارم مەبرە پل دەدا
خوێن لە چاوم دەپەڕیٚ).
گویٚ لە دەنگی دەگرین،
لە چرۆی جیهانەوە رادەچەنیٚ.
گوڕ دەستێنینەوە،
بیٚ ئەوەی گویٚ بە بەزین بدەین، خۆڕادەپسکێنین.

دەستی پەنجە بڕاومان،
بۆ دەوری خۆری بە کاسەی خوێن بوو
رادەکێشین.
خۆر هاوسەنگیی خۆی دەدۆڕێنێ،
جیهان سەر شۆڕدەکاو گەردوونە بە یاریی منداڵ بووەکانمان،
لەسەر هەورە رەشەکانەوە پیشاندەدا.
چەخماخە لێدەدا،
هەور دەگرمێنێ،
بروسکە دەشریخێنێ،
ئێمەش،
کاتێکی دەوروبەر دەشڵەقێ
بەم دەستە پەنجە بڕاوانەوە،
بە هێزی مرۆوە باهۆز دەدروینەوە،
دیسانەوە لە هێزی جەوهەر دۆڕێنی خۆ دەگەڕێین،
سەرلەنوێ ئەو لاوژانەی منداڵەکانمانی پێ گۆشکراون، دەخوێنینەوە.
ئەو شەرەفەی لە شیری دایکمانەوە
لە قسەی باوکمانەوە دەتکێ،
بەسەر شانمانەوە،
لەنێو پێڵووی چاوماندا
هەڵدەگرین.
لەبەر سێبەری
ئەو ئاهو ناڵانەی،
چەرخەکانی رابردوو بەجێیانهێشتوون،
هەست بە بوونی خۆ دەکەین.
بەدەم بانگی بەرەبەیانی رەنگاوڕەنگەوە
مەستیمان دەڕەوێتەوەو،
لەو گۆڕە لە لاوژێێك هەڵدەکەین.
(ناوبانگمان بەدرێژایی چەرخەکان
شانو شکۆمان لەبیر ناکرێن
ئەو خوێنەی لە قسەکانمان رێدەکا
بەرەو رووباران رێیان گرتۆتەبەر).
لەپێش یەکێ لە حەوت دەرگاکانی دنیا
هەڵکوڕمام،
وەژوور کەوتنانەیان لێ دەویستم، نەمدا،
ئەوانەی لە ئەوین دەسبەردارن
بە خراپەوە گلاون،
لە هەموو کارێکدا پشت

به بڕیاری پێشەکی دەبەستن،
هەرزەوێژیی دەکەن،
پڕوپووچ کاوێژدەکەن،
بە شێتیان زانیم،
منیش خۆم بە هەرچی هاتن‌وچوون
بە کەڕولاڵ پیشان دا.
هێندەی توانیم،
بیرم کردەوە،
بڕوام بە لەدایکبوونێکی سبەینێی
بێ بەرەبەیان کرد،
خۆم بە خەیاڵی داوی رزیوەوە
نەبەست.
لە دژی دەرگا تاریکەکانی دنیا
راپەڕیم.
ئەو مرۆیانەی ناخیان پڕ لە ناسۆرە
بە لاوژەکانیانەوە
بە قسە شەکاوەکانیانەوەم ناسینەوە.
لە ئەوینێ گەڕام
بە شڵەژانەوە نەبەسترابێ.
بزەم بەو بیروبڕوا بێ هەناسانە هات،
کێردیان لە برینەکانم ساو دەدا.
لەوە گەیشتم کە جیهان کەسانێ ناناسێ
خەویان پێدا کەوتبێ.
جوانیی خاکەکەم،
یەکەم تنۆکە بارانم
چۆن خۆشدەوێن
مرۆڤو مرۆڤایەتیم
لەناخەوە وا خۆشدەوێ.
کاتێکی بەپێش دەرکەی دنیادا تێپەڕین
ویستم بۆیان هەڵکەمە چریکەی جوانترین، نەشمیلانەترینی
ئەو گۆرانیانەی،
لەنێو باهۆزی سەرکێشیی
بیرو بڕوادا
لەدایکدەبن‌و
گەورە دەبن.
بەڵام گۆرانییەکان
لە تاریکایی خەستی شەوگاری شەوەزەنگدا،

لە ناخی دڵەوە پێکەنینی ئەستێران،
لەگەڵ ئەوانەی خۆشمدەوێن، بەشدەکەم.
لەپێناوی ژیاندا
دوور لە ئازار، بەرەو خۆشەویستی
شەڕ رادەدەم.
بیرەوەرییەکانی ساڵانی رابردوو،
چۆن بەبیر دێنمەوە،
ئەوهایش ئەو کەسانە دەگەڕێم.
بیرەوەرییەکانی چەرخەکان بەبیر دێنمەوە
لەناکاو لەپێش شەڕە راستەقینەکاندا
نەخش بە سترانێ پێکدێ،
وەیشوومەیێ هەڵدەکا بە تەپوتۆز،
سەرکێشی وەك زنجیرێ
گەوگەو لێکدەئاڵقێن.
بارانێ دەبارێ
دیسان هەورە تریشقە چەخماخە دەدا
ئاسمان دەگرمێنێ،
دەوروبەر دەبێ بە ئاگری دۆزەخی ئاو هەڵلووش،
پەلەوەری بریندار
بە کۆڵە ئەوینی مرۆوە
لە دەنووکیانەوە خوێن
دەدلۆپێتە نێوان
دلۆپە بارانەوە.
دلۆپە بارانیش
دەبن بە ئەستێرەو
لەنێو تاریکاییەوە
بەرەو جیهانی بێ سەرحەدو سنوور
دەدەنە شەقەی باڵان و
بەرزدەبنەوە،
پەلەوەری برینداریش
بۆ دەوری خۆر دەبەن.
ئەو رۆژە سەختە
گوێ کەڕانەی
رۆژگار هێناویاننە گۆڕێ
رادەبڕن،
لەسەرێکیشەوە رۆژگار گۆبەندی خۆی دەگێڕێ
خۆشەویستییەکانی مرۆ سەرەتاییەکان کە

لە شارەگی دڵی ڕۆژگار بەردباران کردو
ناڵە هەڵدەستێنێ.
لەم چەرخەدا لەگەڵ هێندێ خۆشەویستی واتا دۆڕاندوودا
زۆرانبازی دەکەن
خۆشەویستییەکان لە هێندێ مرۆدا
هاوشانی یەکدی غارغارێن دەکەن
خۆشەویستی، لە رك،
ژیر، لە پەتیارە،
خەیاڵ، لە مەنتیق،
سپی، لە رەش
هەڵناوێرن.
لەناو جەرگەی ئەو تراویلکانەی
دەیانهێننە گۆڕێ.
گولاوە درۆزنەی لێك تاقو جووت لەدایکدەبن.
ڕۆژگار
یەکەم هەنگاوی پاشەکشێی
دەژی.
لە گۆرانییە نیوەچڵە بەبەردبووەکانەوە
بۆنی عەزرەت دەکوڵێ.
منیش هەست بە لەرزەی خاکی
تینووی خۆشەویستی دەکەم،
لەم ڕۆژگارە گوناهبارە دەپرسم
گەلۆ شاعیر دەتوانێ
بەرانبەر بەم بیرو ئەندێشە ژاکاو و
سەردەم بەسەرچووانە بێدەنگ بێ؟

---

*ئویغوور: خێڵێکی کۆچەریی تورکمانە، جـۆرە گۆرانییـەکیان لـەناودا بـاوبووە، کـە چـوارینەیە (رباعیات)ی پێی دەڵێن: خوریات کە دێری یەکەم، دووەم، چوارەم، یەك وشەی جناسە مانای جیاجیا دەدات -ئەحمەد-.

# سەلاح نەورەس

**نەورەس ساڵی 1941 لە کەرکووک لەدایکبووە.**

**تا ساڵانی 1980 مامۆستا بووە.**

**لەپاڵ شیعردا گەلێ شانۆنامەی نووسیوە.**

**لە پێشەنگەکانی شیعری تورکمانی عیراقی دەژمێردرێ.**

**سێ کۆمەڵە شیعری بەچاپگەیاندووە (زەمەن لە ئاوێنـەدا 1972، ئـەوەی لـە دوورەوە هـاتووە 1980، پەنجەرە 1989).**

**لە نەوەدەکانەوە لە ئوستراليا دەژی.**

(لە دوورەوە هاتووم)

من لە دوورەوە هاتووم

گیرفانم پڕە لە مانگی یەك شەوە.

پڕ خورجەکەشم ئەستێرەیە

ئەسپەکەشم (با)

شیری بروسکەم بەدەستەوەیە

رمی ئاشتی لە لەلاکەللەی تاریکی دەچەقێنم.

(ئەم ئێوارەیە)

ئەم ئێوارەیە خەمێکم لێ ئاڵاوە

زەردی خەزان لەڕوومدایە

لێوەکانم دەلەرزن و چاویشم پڕ لە فرمێسك

هەموو ئێوارەیەك خەم دەمپێچێتەوە

ئەمە چییە هەموو ئێوارەیەك

دەستێکی زاڵم بەم دەردەم دەبات؟

# قەرە وەهاب

**-تار-**

هەندێجار بۆ گوڵەگەنم
ئاوازی لیَ بەرزدەبووەوە،
هەندێجاریش
بۆ خار.
جارێکیان
سمفۆنیای شنەی بای، ژەن
گەرداو لە رقاندا
تارەکەی شکاندم.
تکاتان لێدەکەم
کە گڤەی (با) دەبیستن.
(فاتیحا)ی رۆحی بدەن
ئەو وژە ورە
تارەکەی منە
دەگری

**-کە خۆشم ویست-**

دڵدارەکەی منیش (لەیلا)یەکە بۆخۆی
بەڵام پێم ناڵێن (مەجنون).
منیش وەك (فەرهاد) شیرین—ێکم
خۆشدەویست،
بەڵام نە چیام کۆڵی نە بەردم شکاند
منیش وەك (کەرەم)
عاشقی (ئەصلی)ییەك بووم
بەلاّ نە ئاگرم دی نە دووکەڵ
(قەیس) بووە عاشق، (شێت) بوو
(فەرهاد) غەمی عەشقی لە کۆڵ نا
(کەرەم) بووە ئاگر
منیش دڵداریم کرد
بوومە شاعیر.

**-ڕێگا-**

هیچ ڕێگایەکم لەپێشدا نەماوە !.
چۆن بێمو
لە دەرگات بدەم؟!.

**-تکا-**

تکایە !
مەڵێ من هەورم،
ڕۆژێ دەبارێی،
ئەگەر نەباری،
(با) دەتباو
ئاسمانێکت نابێ
هاوارەکانت هەڵمژێ..
تکایە !
مەڵێ من ئاسنم
نەکو ژەنگ بتخوا.
تکایە !

**-کۆچ لەگەڵ (با)دا-**

کاتێ کۆچ دەکەم
نە جانتا هەڵدەگرم
نە دەستی ماڵئاوایی
درێژ دەکەم.
کە کۆچ دەکەم
دەبمە هاوڕێی تراویلکە
کە کۆچ دەکەم
بە پێم دەڵێم،
تۆزی ڕێگا مەورووژێنە..

---

***لە کۆمەڵە شیعری او.. .بناەوە**

# وانەی حەوتەم

**جاسم محەمەد فەرەج**

کە منداڵبووم، رقم لە وانەی یەکەم دەبووەوە،
لە خەوی بەیانیانی دەکردم،
لە هەرزەکاریشدا
حەزم لە وانەی شەشەم نەبوو
لە دیتنی ئەو خۆشەویستە بێبەش دەبووم
کە لە وانەی پێنجەمەوە هەڵدەهات.
ئێستا، دوای سیوحەوتەمین مردنم
رقم لە هەموو وانەکان دەبێتەوە
هەتا وانەی رەوشتیش...
لە ماتماتیك دەرنەچووم
رقم لە کەمکردنەوەو دابەشکردنە.
لە جوگرافیا دەرنەچووم
چونکی بڕوام بە خەریتەکان نییە..
لە تاقیکردنەوەی پەروەردەی ئاینی دەریانکردم
چونکی رازی نەبووم پێڵاوەکانم بتەقێنمەوە.
نەچوومە تاقیکردنەوەی عەرەبی
چونکی هەموو شتێکم بە مێ دەکرد
خۆزێ هەموو شتێ وابوایە.
تا لە وانەی وەرزشیشدا دەرنەچووم
چونکی هەموو قارەمانەکان هەڵهاتن
منی ترسنۆك لە دوای هەموویانەوە مامەوە..!

---

*ئەم شیعرە (ئەنوەر حەسەن موسا) کردوویەتی بە عەرەبی، لە دەقە عەرەبییەکەوە کراوە بە کوردی —لە گۆڤاری (یورد)ەوە، ژمارە (6).

# بۆ گیانی شاعیر (ثائر غازي)

**تەحسین یاسین**

ئا لێرەدا
لە سوچێکی ئەم چایخانەیەدا
وشەکانی شاعیرێك
بە نهێنی غەم لە چاوان دەنۆشن
تارماییەکەی
یاری بە تەزبیحی یادەوەرییەکانمان دەکات.
لا دەکاتەوەو کارەساتەکان بەسەرەو بنێ،
بۆ تەوەفانی گوللە دەست درێژ دەکات
رۆحی لە (با)یەکی سەرلێشێواو
بەولاوە هیچ نابینی
لێرە، لەم قوژبنەدا هەر کۆچ کۆچێتی
قەوانی بێدەنگی بەگوێدا دەدا
دەڕواو هەورێکی سپی دەپۆشێ
بەبێ سێبەر
بێ چەخماخەو
بەبێ باران

---

***یەکێکە لە شاعیرە لاوەکان لەو گەرمیانە، لە دووزخورماتوو دەژی. لە سەرەتای نەوەدەکانەوە شیعر دەنووسێ، گەلێ بەرهەمی بە عەرەبیو تورکمانی لە رۆژنامەو گۆڤارەکاندا بلاّوکردۆتەوە.**

***لە گۆڤاری (یورد)ەوە.**

# (زەینەب)ی خوێن و ئازار

هانی صاحب

فەرهەنگی زمانم مەدزە
مێژووی بێگەردمی نووسیوەتەوە
دەست نەدەن لە زمانی راستی حەکایەتی گوێی ئاگردانم
تروسکەی مۆمی تەمەنم لیَ مەدزن.
ولاَتی گولَ
لە سۆفی ئەو دەشتانە مەدزن
ئەستێرەی دەمەوبەیان
لە کاروانی رێگام مەشارنەوە
ئازاری خوێن
لە عەشقی زەوتکراوم لیَ ون مەکەن
هێمای سەرکەوتن
لە ئێوارە ژەنگگرتووەکان چەواشە مەکەن
لە (کەربەلا)ی زامدار
(زەینەب)ی خوێنو ئازار دوور مەخەنەوە
فرمێسکی بێنەوایان
لە روومەتی نیشتمان مەدزن

# گۆرانیی عەشق

حەمزە حەمامچی

و: ئەنوەر حەسەن موسا

ئەی گەواڵە هەورە ئاڵەکان
لەگەڵ خۆتاندا هەڵمگرن،
بۆ دەشتاییە سوورهەڵگەڕاوەکان
کە لە خۆشەویستی دەچن.
بۆ ئەو دەریا قووڵانەی کە وەك چاوی
کچە عاشقەکانن
هەڵمگرن
بۆ لێرەوارەکان
بۆ شارە دوورەکانم ببەن.

کۆپلەیەك لە سروودی دەریا
دەریا لە هەموو گۆرانییەکدا بەندکراوە..
دەریا لە هەموو گوڵێکدا دەبیسترێ..
دەریا لە دڵۆپە فرمێسکەکاندا نێژراوە..
دەریا زامێکی دەمکراوەی داستانەکانە..
دەریا بەرێزێکە بۆتە هاوسێی میللەتان..

---

*لە گۆڤاری (باریش)ەوە، لە عەرەبییەوە کراوە بە کوردی.

## سەناریا

**عصمت ئوزجان**

ئەی ئەو ئەسپەی لە خوێنمدا
چوارناڵەتە..
لەودیو تەلبەندەکانەوە
سپی دەچیتەوە.. سپی؟
لە جادووی ئەو نزایانەی
لە هێلانەی باڵندەکانەوە دێن
پەپوولە مەستەکان دێنو دەچن..
شارێك لەگەڵتدا
هەموو بەیانییەك پێدەکەنیٚ!
وەرز بەهارەو مانگی نیسانە
پیاوێکی تەنیا لە گەڕەکێکی بێدەنگی (دووز)دا
ئەویش منم،
هەمیشە بەتەنیا بەر پەنجەرەکە بەرنادا
لەم تەنهاییەدا مێرووییەکم کردۆتە هاوڕیٚ
چ روودەدا گەر ئەویش بەجێم بێڵیٚ؟
وەرە لە (ئاوەسپی)* بپرسە
ئازاری جەستەم چۆن کووڕی کردووم؟
چوون سەعاتەکەی (دالی) تێکشکاوم
دەبمە سەعاتێکی بیٚ چرکەژمێر
لە بوخچەی غەمباری بیاباندا
نازانم چۆن بزانم دنیا کەیە؟
ئاگرێك لە هەناومدا هەڵایساوە،
لە لاجانگمەوە عارەقە دەڕێژم
ئازار کێنگڵم پێدەدا

دەموروو ژێنیَ، دەمگرێنیَ
لە رووومەتە بێدەنگەکانی دەوروبەرم دەپرسم
ئەم جەستەیەم بۆ وایلێهات؟
لە باوەشی شەودا
پرسیارەکانم سەردەبڕدرێن.
لەسەر داری مردن دەخزێمە خوارەوە
لەنێو عیشقی ژیانی (هەمەنگوای)دا
دادەبارێم..
لەوەتی هاتوینەتە ژیانەوە
گیرۆدەی یارییەکین:
(مامز راکە وا راوچی هات..)
وەك قەتیَ لە گێژاوی (وریابە)داین
خەمی گەورەمان، خۆ قورتارکردنە
لە مردن.
بیَ ئومێد رادەکشێم
لەژێر چەقۆی بەزەییدا،
بەر لەوەی گوڵێك لە باخچەی حەوشەدا بنێم.
ئەو بەهارەت لەیادە
چۆن بە خوێنساردییەکەوە
بە زەبری شیر وشەکانیان خنکاند؟
لەو ئێوارەیەدا
لەنێوان زەوی‌و ئاسماندا
مردن رۆڵی دەگێڕا..
ئەو کاتەی تۆ هاتی
شارەکەم تەختەیەکی رەش بوو
نە شەقامی تێدا مابوو نە شنەی با
نە دارە بێدەنگەکانی
تا خۆشییەك بەدڵ بدا..
وا چەپکە گوڵی رەنگاڵە
لە دەروازەی کۆڵانەکان دادەنێی
بەڵام ئێستا تۆ لێرە نیت

منیش دەمێکە نەماوم.

---

*ئاوەسپی: رووبارێکە لە دووز..

شاعیر تووشی نەخۆشیەکی کوشندەبوو، هەر بەو نەخۆشیەش کۆچی کرد.

**عصمت ئوزجان ساڵی 1946 لە کفری لەدایکبووە.**

**-خوێندنی لە کفریو دووز خوێندووە، لە سەرەتای حەفتاکاندا بۆ خوێندن چوّتە تورکیا.. لە هەشتاکاندا گەڕایەوەو لە دووز نیشتەجێ بوو.**

**-سەرەڕای شیعر، چیرۆكو شانۆنامەشی نووسیوە.**

**-کۆمەڵە شیعرێکی بە هاوبەش لەگەڵ (نصرت مردان)دا بەناوی (شەفەق) چاپکردووە.**

**-ساڵی 1994 بەدەم نەخۆشییەکی کوشندەوە کۆچی دوایی کرد.**

---

**لە گۆڤاری (یورد)ەوە لە تورکمانییەوە کراوە بە کوردی.**

# چەند چیرۆکێکی کورت



**نەسرەت مەردان**

*نەسرەت مەردان لە کەرکوك لەدایکبووە. بە زمانی عەرەبیو تورکمانی شیعرو چیرۆك دەنووسێ.
ئەم بەرهەمانەی بەچاپگەیاندووە:
–قوشلارلا دوستلوق– دۆستایەتی لەگەڵ باڵندەدا، کۆمەڵە شیعر.

–گوین ایدن اقشام– بەیانیت باش ئێوارە، کۆمەڵە چیرۆك.

–شەفەق– شەبەق، شیعر، بە هاوبەشی لەگەڵ عیسمەت ئۆزجانو محەمەد قازانجیدا..

1.سەرتاش

لەسەر جامی دوکانەکەی ئاوای نووسیبوو:

(من –ئیڤان–ی کەسایەتیی چیرۆکی (لووت) نیم، تا ئێستا لووتی هیچ کەسێکم نەبڕیوە)، کەچی کەس نەیدەزانی بۆ هیچ کەسێ سەر بە سەرتاشخانەکەیدا ناکات، ئەویش ناچار مێشکوژێکی بەدەستەوە دەگرتو هەموو ڕۆژێ لووتی دەیان مێشی دەشکاند..

2.باڵندە

لە تابلۆی (باڵندەکان) بووەوە، بۆ دواجار فڵچەکەی یەکدوجار بە ئەسپایی بە هەندێ شوێنی تابلۆکەدا هێنا، ئۆخەی وا دوای ماندووبوونێکی زۆر تابلۆکەی تەواو کرد.. کە بەیانی لە خەو هەستا، باڵندەکانی نێو تابلۆکەی نەبینی!. برا بچووکەکەی کە ئەو خەوتبوو بە دارلاستیك یەکە یەکە باڵندەکانی ڕاوکردبوون، ئەوەی لە تابلۆکە مابووەوە تەنها ئاسمانێکی لێخن بوو.

3.نامە

ئەو نامەیەی دوێنێ ناردبووی ئەمڕۆ گەڕایەوە دەستی خۆی، سەرسام بوو!.. زەندەقی چوو، نامەکەش تەنها ڕستەیەك بوو:

(نامەرد، سبەی سەعات شەش دەتکوژم، بۆ دۆزەخت ڕەوانەدەکەم..). خەوت، بووە سەعات شەش هەڵنەستا، بۆ یەکجاری سەری نایەوە!.

4.لەقلەق

لەگەڵ هاتنی پایزدا، لەقلەقەکان خۆیان بۆ کۆچکردن ئامادەکرد، بۆ شوێنێکی فێنکتر، ئەوانە هاوڕێی هەتاون.

لەقلەقێك لە هاوڕێکەی نزیك بووبووەوە، دەنووکی لە دەنووکی خشان.. (ڕۆژگارێکی خۆشمان لێرە بەسەربرد، بەڵام دەبێ بۆ ئەو شوێنەی خۆری لێیە بگەڕێینەوە. قەدەری ئێمە وایە، دەگەڕێمەوە بۆ ئەو هێلانەیەی هاوینی ڕابوردوو بەجێم هیلا، ئا لەبیرتە دەکەوێتە سەر منارە بەرزەکەی نزیکی قەلاَکەی کەرکوك؟..)

5.حەج

سێ جار لەسەر یەك زیارەتی ماڵی خوای کردبوو، بەڵام دانیشتوانی گەڕەکەکەیان هەر بە ڕەووفی سەرخۆش بانگیان دەکرد!.

---

(لە کۆمەڵە چیرۆکی-گون ایدن اقشام- چاپی بەغدا..)

# پێنج چیرۆکی کورت

## حەمزە حەمامچی

*حەمزە حەمامچی ساڵی 1945 لـە کـەرکوک لـەدایکبووە، خوێنـدنی سـەرەتایی‌و ناوەنـدی‌و دواناوەندیی لە کەرکوک تەواوکردووە.

لە ساڵی (1971)ەوە وەکو وەرگێڕ لە رۆژنامەی (یورد) دامەزراوە.

ساڵی (1986) رۆمانی (صومالی بابوچ)ی بە زنجیرە لە رۆژنامەی (یورد) بلاوکردۆتەوە، تـا ئێـستا چاپنەکراوە.

ساڵی 1989 یەکـەم کۆمەڵـە شـیعری بەچـاپگەیاندووە، لـەژێر نـاوی (یـدنجی قـەدەح-پێکـی حەوتەم).

دەیان چیرۆکی لە رۆژنامەو گۆڤارەکاندا بلاوکردۆتەوە، تا ئێستا لە کتێبێکدا کۆنەکراونەتەوە.

یەکێکە لە شاعیرو چیرۆکنووسە تورکمانە نوێخوازەکان.



-شێت-

لە دەرگای ماڵێکم دا:

(کەس ناناسم‌و رێبوارم)، وتم: (لە کاتێکی نەفرەتییا خۆرم لێ ئاوابوو..و..!).

وتیان: (باشە، چیت دەوێ؟!).

(هیچی وام ناوێت، کەمێ خۆشەویستیو پڕ چنگێ ئەستێرە !!).

بەڕووما هەڵشاخان.. قسەی سووکیانم بیستو ئازاریان دام، بە شێتو گەوجیان دانام.. بە حەوت کۆڵاندا تاویان نام..!.

-مەزاد-

ڕۆژێکیان لەناو ئاپوورەی مەزادخانەیەکدا پڕ بەدەم هاواری دەکرد:

–دنیا بە فلسێ! دنیا یەك فلس! ئەگەر یەکێ زیادی دەکات، با بێتە پێشەوە..!.

وتیان: گێرەشێوێن.. گێرەشێوێن..

پاڵیانخستو بە پێلەقە کەوتنە وێزەی

نە کەس لێی پرسی، نە گەواهییان بۆ دا..!.

-با-

بەر لە جەژن، پێڵاوەکانم فرۆشت، پڕ بە گونیەیەك بۆ کۆلارەکەم (با)م کڕی..!

لە ماڵ لێیاندامو هەر سێ ڕۆژەکەی جەژن لە کادێنەکەدا بەستمیانەوە.. منیش هەر دەگریام بۆ کۆلارە بێ (با)کەم..

-گێرەشێوێن-

–ئا تەورێکم بدەنێ.

وتیان:– بۆ چیتە..؟!

–دەمەوێ پەرژینی هەموو باخچەکان بڕوخێنم!.

–هیزە ڕاکەن.. وریابن.. ئەمە تیرۆریستێکە..

بەپەلە چوون خەبەریان لێدام..!.

-پەنگر-

–ئەوە لەچی دەگەڕێی؟!

–بەدوای پشکۆیەکدا دەگەڕێم.. هێشتا نەکوژابێتەوە!

–بۆ چیتە؟ چیی لێدەکەی؟!.

–دەینێمە سەر زامە کۆنەکانم!

–بۆ؟!!.

–چونکە ئێستا ژان ناکات.

سەرێکی باداو تا ڕۆیشت هەر بڵمەبڵمی بوو.

## هاشم موسا رەزا

**-گەڕانەوە-**

منداڵەکە هەستی بە سەغلەتی دەکرد لەناو ژوورەکەدا، پەنجەرەکەی کردەوە، با—کە پرتەپرتی خستە فانۆسەکە، هەڵیدەگریٚ و لە پەنایەکی دادەنیٚ، هەست بە تەنیایی کردنەکەی زیاد دەکات. ژوورەکە لە گۆڕێك دەچیٚ لە بیابانێکی چۆڵدابیٚ. دڵی دەکوتریٚ، دەستی دەخاتە سەر دڵی خۆی، نەفرەت لە بڕینی کارەبا دەکات، سەرەڕای ئەمەش بە تەنیایە... (تەنهایی بۆ خودا باشە)، دایکی هەموو جاریٚ وای دەگووت، کاتیٚ دەهاتە باسکردنی (حەمدییە)... بیرکەوتەوە. وەك دوێنیٚ یا ئەمرۆ بێت، لە ژوورێك بەتەنها دەژیا، چرایەکی کزی دادەنا و دەستی بە نوێژو پاڕانەوە دەکرد.. ئەوە سی ساڵ تێپەڕی بەسەر مردنی پوورە حەمدییەدا، ئەوەی لەدوای بەجیٚ ما، خانوویەکی گڵێن بوو، ئەویش بە میرات بۆ دایکی (حوسنیە) مایەوە. خانوویەکی گڵێنی دارووخاو و تەنها یەك ژووری تێدا بوو.. دایکی حوسنیە دەیگوت: سەرو زیادمانە، من کێم هەیە لە (حەیدەر و حوسنیە) بەولاوە؟. (با) کە نەك هەر یاریی بە تیشکی فانۆسەکە دەکرد و سێبەرەکان شتێتانە سەمایانە دەکرد، بیری منداڵەکەشی دەوروو‌ژاند، بیری بۆ پوورە (حەمدییە) دەبرد، کە بە تاقی تەنیا لە ژوورێکدا دەژیا.. کیٚ دەزانیٚ.. .تۆ بڵێی تەرمی مێردەکەیان ناشتبیٚ، یان لەبەر گەرما و سەرما مایەوە تا لەشی دافەتکا..؟. لە دەرەوە (با) کە چەند توندتر هەڵیدەکرد شتەکانی بەیەکدا دەدا، لە بیری ئەمیشدا رووداوەکان تێکەڵ و پێکەڵ سەریان هەڵدەدا. حوسنییە لە تەواوی وردەکاریی شەهیدبوونی حەیدەری برای ئاگادارە. رووداوەکەی چاك لەبیرە. حەیدەر ناتوانیٚ لەوە زیاتر لە پەناگەکەی خۆی بمێنێتەوە، دەردەچێتە دەرەوە —هەرچەندە هاوڕێکانی ئامۆژگارییان کردبوو— دەمەویٚ هەندیٚ هەوای پاك هەڵمژم. وای گوتبوو، بەڵام بووبووە نیشانەیەکی دیارو ئاسانی قەناسەکان..

—ئیٚ چیتر حوسنیە؟

—کە مردووشۆرەکە چووبووە سەر تەرمی براکەم و ویستبووی جلەکانی داکەنیٚ، بینیبووی دەستی بەسەر سنگییەوە وشکهەڵاتووە. مردووشۆرەکە هەستی کردبوو براکەم نایەویٚ لەگۆڕیٚ بنێن! چونکی ئاواتەکانی لە ژیان بەدی نەهاتبوون.. مردووشۆرەکە هاتبووە دەرەوەو وتبووی (با دایکی بێت.. دایك نەبێت کەس ناتوانێت ئەو دەستەی لابات..). منداڵەکە دەستی خۆی دەجولێنیٚ. ئەم زیندووە، تارمایی حەمید بەبەر چاویدا تێدەپەڕیٚ، چەرچەفێکی سپی.. خوێن.. پێیەکی بڕاوەتەوە.. زۆرجار ئەم منداڵە چۆتە خانووەکەی پوورە حەمدییە. تارمایی رۆژگارە دوورەکان هەمیشە لە ژوورە تەنیاکەدا بوو. بیری لە کوڕەکەی پوورە حەمدییە دەکردەوە، لە ئازارو تەنیاییەکەی، دایکیشی بە دوورودرێژی هەمیشە سەربووردەی حەمدییەی دەگێرایەوەو چۆن روومەتی وەك مانگی چواردەشەو بووە. ئەمجا بیری بۆ

مێرەکەی پووریٚ دەچوو،چۆن لە شەڕەکاندا بەشداریی کردووە.. چۆن چۆنی مردووە؟ دواجار خەیاڵی بۆ ئەوە دەچوو: دەبیٚ لەو سەردەمەدا ژوورەکەی چیی تێدا بووە..؟ ئەوەی دایکی بۆی گێڕابووەوە، گلێمێك کە پووره حەمدییە بە دەستی خۆی کردبووی. نوێنێکی شڕ، لێفەیەکی کۆن، کە پووره حەمدییە لە ڕۆژانی سەرمای زستاندا لە خۆی دەپێچایەوە، قازانێکی قوپاوی دووکەلاْوی، دەستاڕێك، تەشییەك، گۆلاْیەك خوری، سندوقێکی دارینی بچووك لە قوژبنێکدا دایاندەنا، پریاسکەو بوخچەو وردە شتیان تیادا دادەنا.. گەلێجار منداڵەکە پرسیاری مێردەکەی حەمدییەی لە دایکی بکات.. دڵدارییان پێکەوە کردبوو، بەلاْم هەموو جاریٚ شەرم دەمی گرێدەدا. دایکی زۆر بە وردی باسی جوانییەکەی پووره حەمدییەی دەکرد، بۆیە منداڵەکە گەیشتبووە ئەو بڕوایەی کە (حوسنیە) لە پووره حەمدییە دەچێت، بەهۆی ئەوەی خزمی یەکن.

(با)کە هەمدیس هەڵیکردو فانۆسەکەشی دەستی بە سەماکردن کردەوە. خۆ دەیتوانی پەنجەرەکە پێوەبداو فانۆسەکەش ئیتر وا نەکات، بەلاْم نەیوێرا، چونکە ژوورەکە دەبووە گۆڕێکی تەنیا لەناو بەستەڵەکداو لەژێر ئاسمانێکی بە هەور داپۆشراودا.. منداڵەکە بە حوسنیەی گوت: (کە دێمە ماڵتان وا هەست دەکەم ڕۆحی پووره حەمدییە بەناو ژوورەکەدا دەگەڕیٚ، حوسنیە تۆ وا هەست ناکەیت؟) دواجار لە دڵی خۆیدا پەشیمانبووەوە، کە پرسیارێکی وای دەکرد، کە دەبێتە هۆی ئەوەی (حوسنیە)ش بۆ ئەوە بچیٚ کە ڕۆحی براکەی و دەزگیرانەکەی لە ئاسمانی ژوورەکەیدا دێن و دەچن، بەلاْم حوسنیە قەت دانی بەوەدا نەدەنا کە دەزگیرانەکەی مردبێت. هەموو جاریٚ دەیگووت: (قەدەر وای کرد دەزگیرانەکەم بچێتە نێو قەفەسی ئەسیرییەوە بەر لەوەی بچێتە نێو قەفەسی زێڕینەوە..).

لەبەر ڕۆشنایی کزی فانۆسەکە، منداڵەکە کتێب و دەفتەرەکانی بەپێی خشتەی دەرسەکان جیاکردەوەو ئامادەکرد، کتێبێکی بە دەستەوە گرت، بەلاْم تاقەتی خوێندنەوەی نەبوو، بە بێدڵی هەر بەردەوامیشبوو لە خوێندنەوە.

منداڵەکە لەدەرگا لێدان دەژنەویٚ. لە جێگاکەی خۆیەوە هەوڵدەدا بزانیٚ کێیە. باوکی ئاوا لەدەرگا نادات، دایکیشی، بەلاْم ئەم لەدەرگا دانەی لەلا غەریب نییە، بیردەکاتەوە، هەوڵدەدا وەبیرەی خۆی بهێنێتەوە.. هەرچەند دەکات ناکەوێتە بیری، بۆ ماوەیەکی کورت لەبەر دەرگای ناوەوەی ژوورەکەدا رادەوەستیٚ، کوڵ دەگریٚ.. هەمدیس بەهەمانشێوە لەدەرگاکە دەدرێت. لەپڕ خۆشییەك دایدەگریٚ. ئەوە حوسنیەیە لەدەرگا دەدات. بەپەلە دەچیٚ دەرگاکە بکاتەوە، لەگەڵ حوسنیەدا ڕووبەڕوو دەبنەوە. خۆی لەبەرامبەر جوانییەکەیدا دەبینێتەوە، کەمی خۆی لادەدا تا ڕێگای هاتنەژوورەوەی پیٚ بدا: (فەرموو)، بۆ یەکەمجاریش بەزەیی پێدا هاتەوەو دڵی پێی سووتا. ئەمە چەندین ساڵە ئەم ئازارە دەچێژێت، هەشت نۆ ساڵە چاوەڕوانی بێهوودە، هەموو جارێکیش دەپرسیٚ: دەبیٚ ئێستا لەکویٚ بیٚ؟.

منداڵەکە بەزەیی پێدا دێتەوە. هەست بە شتێکی گران دەکا لەسەر دڵی و نازانیٚ چۆنی دەربڕیٚ. جارێکیان لە دەمی باوکی بیست دەیگووت: حوسنیە بەدوای کلاْوی بابردوو کەوتووە، هەر جارێکیش ئەسیرەکان هەواڵی گەڕانەوەیان بلاْودەبووەوە ئاواتی دەخواست ئەوی لەناویانا بوایە. بەلاْم وا دەردەنەدەچوو. حوسنیە نەیزانی کەس لە ماڵەوە نییە. منداڵەکە وتی: (هاوسێکەمان نەخۆشە، چوونەتە

سەردانی) ویستی بگەرێتەوە، منداڵەکە وتی: لەوانەیە ئێستا بەرێوەبن و ئێستا دەگەرێنەوە.. دەمێکە رۆیشتوون برواناکەم دوا بکەون..)

حوسنیە لەسەر کورسییەك بە نابەدڵ دانیشت، وتی: (بیستوومە ئەمرۆ تاخمێکی نوێی ئەسیرەکان گەراونەتەوە، دەزانم باوکت رۆژنامە دەخوێنێتەوە و ئاگای لە هەواڵەکانە..) منداڵەکە نەیزانی چ بڵێ، قسەکەی باوکی بیرکەوتەوە (حوسنیە دوای کلاوی بابردوو کەوتووە) لەبەر ئەوە هیچی نەگووت. بێدەنگییەك ژوورەکەی گرتەوە، گوێیان لە چرکەچرکی سەعاتێك بوو، بە هەردووکیان وا دەهات ئەو چرکەچرکە لە دوور دوورەوە دێ.. لە سەردەمێکی یەکجار کۆنەوە، تا بەر لە سەردەمی پوورە حەمدییەش.. لە کاتێکەوە پرە لە کوشتن و برین. منداڵەکە بەرامبەر حوسنیە لەسەر کورسییەك دانیشت، حوسنیە بزەیەکی هاتێ وتی: (دڵم خەبەرم دەداتێ دڵدارەکەی منیش لەناو ئەو ئەسیرانەدا دەبێ، کە بریارە بەمزووە بێنەوە) دواجار وتی (دەڵێن دڵی دایك خەبەر دەدا، دڵی خۆشەویستانیش وەکو دڵی دایك بەهەڵەدا ناچێ) کە ئاوای دەگووت رووی لە لایەکی تر کردبوو.. ئەمجا رووی لە منداڵەکە کرد (دەزانی ئەمرۆ چیم کریوە؟ شیرینیم کریوە، کە هاتەوە بەسەر سەریای دەکەم، بەسەر سەری ئەو و ئەوانەی پێشوازیی لێدەکەن..) ئەمجا بە دەنگێکی بەرزترو پێکەنینەوە (دڵم وام پێ دەڵێ ئێستا بەرێگایەوە. تۆ تەماشاکە چۆن قسەکانم دێنەدی. جارێکیان بە فاتمەی دراوسێمانم گوت: کورەکەت لە ئەسیری دێتەوە. راست دەرچوو و کورەکەی هاتەوە. دڵم بەدرۆم ناخات. گوێبگرە رۆڵە، دڵم هەرگیز درۆی لەگەڵ نەکردووم.. تا کاتێ بە پشوو هاتبووەوە پێم گوت: (نەرۆی.. بۆ بەرەکانی شەر مەرۆ.. دڵم پێم دەڵێ ئەسیر دەکرێی، دواجار تا چەند ساڵێك نایەیتەوە، وام پێگوت، بەڵام ئەو وتی: ناتوانم نەرۆم. زۆری لێ پارامەوە نەرۆی، خۆم خستە سەر پێی، دەستم ماچکرد نەرۆی، بەڵام ئەوەی نووسرابێ دەبێ رووبدات. منداڵەکە گوێی بۆ شلکردبوو. لە دایکی بیستبووی کاتی خۆی باوکی بە تەمای حوسنیە بووە، بەڵام حوسنیە یەکێکی دیکەی خۆشویستبوو، کە ئێستا دەزگیرانێتی. بیری بۆ ئەوە چوو، ئەگەر باوکم حوسنیەی بخواستایە، ئێستا من کوری ئەو دەبووم، لە حوسنیە دەچووم.. چاویشم وەك چاوەکانی رەش دەبوون، روومەتم جوانییەکەی ئەوی دەبوو.. لە ناسنامەکەشم دەیاننووسی، ناوی دایك: حوسنیە فازل.. حوسنیە هەر باسی گەرانەوەی دەکرد، ئەمیش هەر بێدەنگ تەماشای دەکرد.. (ئێستا بەرێوەیە، سەرەرای لاوازی و ماندووێتی، پەلەیەتی زوو بگات.. ئاە جلەکانی شرشر، قژ هاتوو، ردێن درێژ.. خودایە ئەم پیاوە چەند ئازاری چەشت لەم سەفەرە درێژەی ؟، بەڵام لێرە ماندوویەتیی دەردەچێ.. ئێستا بەرێوەیە پەلەیەتی.

هەردووکیان گوێیان لە ترپەی پێ بوو، لەپر لەدەرگا درا، بە توند لەدەرگا درا، هەردووك سەرسامن. منداڵەکە هاوار دەکا: (خۆیەتی.. گەرایەوە). هەردووك بەپرتاو لە ژوورەکە دەردەچن.. گەیشتنە دەرگاکە. هەردووك پێکەوە دەرگاکەیان راکێشا.. حوسنیە لەو خێراتر بوو.. زوو گەیشتە دەرگاکەی ئەولایان.. خۆیەتی باوەش بە یەکدا دەکەن..

---

* لە گۆڤاری –یورد–ەوە، ژمارە (7)ی ساڵی–2006.



# ئەوانەی دەڕۆن و ناگەڕێنەوە

**نیازی قایاجی**

پاش چەند دەقیقەیەکی کە لەم وێستگەیەوە، شەمەندەفەرێك بۆ شوێنە دوورەکان بەڕێدەکەوێت. ڕێبوارەکان بۆ سەفەرێکی دوورو نادیارو بێ مەبەست دەبات. ئەوانەی بۆ بەڕێخستنیان هاتبوونە ئەستاسیۆنەکە زۆربوون، پیرو منداڵو ئافرەت. ئافرەتەکان خۆیان بە عەباکانیانەوە پێچابووەوە.

لەودیو فارگۆنەکانەوە، دار کالبستۆسەکان بە ڕیز چووبوونە ئاسمانا، هەر گەڵا کاڵبووەکانیان لێرەوە دیاربوو. لەو ناوەدا تەنها منداڵەکان بە بزێوییانو جووڵەو زەڵەزەڵیان جۆرە ژیانێکی بەو دیمەنە بەخشیبوو. ڕێبوارەکان دوای تەوقەی ماڵئاوایيو یەکتر لەئامێزگردن بێدەنگ دەچوونە ناو فارگۆنەکانەوەو دادەنیشتن. ئەوانەی بۆ بەڕێخستنیان هاتبوون هێدی هێدی دەهاتە لای فارگۆنەکانو لەبەر پەنجەرەکان کۆمەڵتەیان دەبەست، هەستت بە ترسو دوودڵییەك لە ڕومەتیانا دەکرد، دواجاریش بەباشی ئەو ترسو دوودڵییە لە دەستی لەرزۆکیان کە بۆ خواحافیزی بەرزیاندەکردەوەو لە چاوی نمداریاندا دەردەکەوت، هەندێکیشیان لێویان دەکەوتە لەرزینو بزەیەکی سەیریان دەهاتێ.

ئەم کۆچە بەلای هەندێکیانەوە خۆقورتاربوونێك بوو، ژیانێکی نوێ دەستپێبکات بەو ئومێدەوە بەڕێکەوتبوون، بەڵام لە خۆونکردنێك و هەڵاتنێك بەولاوە هیچی کە نەبوو، لەم کاتەدا دایکانیش هەزار عوزریان بۆ خۆیانو ئەوان دەهێنایەوە. یەکێکیان دەیگوت: نەدەبوو خۆیانیان ڕابهێنایەو بەرگەی بارگرانیو زەحمەتیان بگرتایە؟..

که شەمەندەفەرەکە کەوتەڕێ شڵەژانو نائارامییەك ستاسیۆنەکەی گرتەوە، هەر کەس لە ئاستی خۆی دەستی بەرزکردەوە، ئەوانیش لەبەر پەنجەرەکان سەرەتاتکێیان بوو. بێ گوێدانە هەناسەهەڵکێشانو فرمێسکی چاوان بەرەبەرە شەمەندەفەرەکەو رێبوارانی ناوی لەچاو وندەبوون.

ئەم شارە بۆ وای لێهات؟ منداڵەکان خەریکە لە قوتابخانەکانیان دەبن، تا دێ بزەی سەر لێوان کەمتر دەبێ، تا ئاسمانیش ئەو جوانییەی جارانی لەدەستداوە.

گرم.. گرررم، تەقینەوەیەکی تر.. رژانی خوێنی تر.. مردنی چەندینی تر..، ئەوە قوتابخانەیەکی کە روخێنرا!.. بۆ؟ ئەی قوتابخانە بۆ؟!. هەر بۆ ئەوەی گۆرانیی ژیان کپ بکەن؟. بیری لەمانە دەکردەوەو هەوڵیشی دەدا ترسێکی نادیار لە چاویا بشارێتەوە. بە شەقامە چۆڵەکانی شاردا هەنگاوی دەنا. بیری لەو هاوڕێیەی دەکردەوە کە دوێنێ بەرێیخستو خواحافیزیی لێکرد. ئەو وەك خۆی دەیگوت خۆم قورتار دەکەم.. ئەی ئەمانەی لێرە ماون؟. دەبێ مرۆ تەنها بیر لەخۆی بکاتەوەو شارێك بەجێ بهێڵێ؟. زۆری هەوڵدابوو ئێرە بەجێ نەهێڵێ، سوودی نەبوو. هەستی کرد ناوەوەی دەکوڵێ.. خەریکە دەڕشێتەوە.. لەسەر شۆستەکە، لە کەنار شەقامەکە وەستا، رشایەوە. ئەوانەی بەوێدا تێپەڕین نەفرەتیان لێکرد، بە سەرخۆشیان زانی، کەس بەهانایەوە نەهات، کەس لێی نەپرسی ئەم مرۆڤانە بۆ وا گۆڕاون؟! بۆ کەس لە کەس ناپرسێ؟! ئەم دنیایە بۆ وای لێهاتووە؟!. ئەم یەکتر بێزاندنە دڵیانی رەش هەڵگەڕاندووە، هەر لەبەر خۆشی نە ء کاتی تریش شتی سەیروسەمەرەی دەدی، کە لە رەوشتو خودی مرۆڤەوە دەبێ دووربێ. ئەم بیرکردنەوانە، ئەم قبووڵنەکردنەی خەڵکانی تر، وایکردووە دۆست لە دۆستو هاوڕێی دوێنێی خۆی دووربکەوێتەوە.

بەسەر گومەزی مزگەوتەکەی بەرامبەری پۆلە کۆترێك شڵەژابوون بەیەکا دەهاتن. گرمەو زرمەیەکی نزیکیان هەندێکیانی خستە خوارەوە. گرمەو تەقینەوە لەپڕەکە نەك هەر ئەو کۆترانەی سەرلێشێوانو خوێناوی کرد، هەموو شتە جوانەکانی ئەو دەوروبەرەی تێکشکان.

خۆر لە زەردەبوو، دنیا هێشتا تاریك نەبووبوو، بازاڕو شەقامەکە چۆڵی کرد.. خەڵکەکە پەلەپروزێی بوو بگاتەماڵەوەو لە دەوری چراو فانۆسە هیسدارەکانیان کۆببنەوە، لە ماڵەکەی خۆشیانا ترس یەخەیانی بەرنەدەدا. دەیانپرسی: بۆ وامان بەسەرهات؟ بۆ کەوتینە رۆژی واوە؟..

شەویش باوکی تا درەنگانێ، رادیۆکە ئەملاو ئەولا پێدەکات.. (باوە دەنگوباس چییە؟).. هەمووان گوێمان لە رادیۆکەیە، هەواڵێکی خۆشی لێ ببیستین، بەڵام هەواڵەکان هەموو بۆنی خوێنیان لێ دێت.. باسی مردنو وێرانبوون، شەوە تاریکەکانیش ئێمە ئاوای بەسەر دەبەین.. هەواڵەکان وەك پەڵە هەوری رەش هەمیشە بەسەر سەرمانەوەن.

---

*لە گۆڤاری (یورد)ەوە- ژمارە (8)ی ساڵی 2007.

# ڕێپێوانی دوای مردن



**سەلاح بەهلول عەلی**

شەو بێتاقەت بووم، بەجۆرێ توانای ئەوەشم نەبوو کتێبێك بەدەستەوە بگرم، چاویشم وشەکانی بۆ لەیەك جیاناکرێتەوە، جلە شڕەکانم بە دیوارەکەدا هەڵواسراون، چاوم کەوتبووە ڕێشکەوپێشکە، ڕۆشناییەکە وەك تەقینەوە لەبەر چاوم داغان دەبوو. باوکم، دایکمو براکانم بەسەر سەرمەوە وەستاون، هەندێکیان دەست بە سنگمادێننو هەندێکیش پارچە پەموویەك تەڕ دەکەنو نێوچەوانمی پێ تەڕدەکەن، تا جەستەی (تا) لێهاتوومی پێ دامرکێننەوە، هەندێکی تریان بۆ دڵخۆشکردنم لە بونیادگەریی شیعرەکانم قسەیان دەکرد، منیش زۆرم لەدڵدا بوو تا بەوانەی دەوروبەرەکەمی بڵێم، بەڵام بە حەسرەتەوە مام توانای قسەکردنم نەبوو. شەوم بە تاریکی لێ تێپەڕی. کاتێکی پڕ ئازارم بەسەربرد. بەیانیان کە لە خەو هەڵدەستام چەرچەفەکەم بەسەرەوە نەدەما، بە پێمەوە دەئاڵکا، هەر کە چاویشم هەڵدەهێنا کتێبەکانم دەدی، هەندێکیان لەملاولەولا کەوتوونو هەندێکیشی ڕێك ڕیزکرابوون، چاوێکم پییاندا دەگێڕا، بەڵام ئەمجارەیان تا

بەرەبەیان چاوەڕێم کرد، نە کەڵەبابی هاوسێکان بەئاگایان هێنام، نە باوکیشم وەکو بەیانیانی تر بەدەنگە گڕەکەی (کوڕە ئەوەندە دەخوێنیتەوە کوێر دەبی) بانگی کردم، نە دایکیشم چاوەڕێی قاوەڵتیی منی بوو، چەرچەفەکەشیان بە هەموو جەستەمدا دابوو، ئیتر وەکو بەیانیانی تر بە کتێبەکانم شاد نەبووم، نە کەسیش وەئاگای هێنامەوە. تۆ بڵێی ئەفیونیان لەگەڵ دەرمانەکاندا پێ دابێتم.. یان..؟ خوا بەخۆی دەزانێ چییان پێ داوم؟. من کرێکاری چیمەنتۆ بووم، تا ئێوارە راوەستانم نەبوو، وا ئێستا توانای ئەوەم تێدا نییە ئەم چەرچەفە لە بان سەری خۆم لابدەم!.. کێ دەزانێ رەنگە کەڵەشێرەکانیش قوقاندوویانە، رەنگە کۆمەڵێك بە دیارمەوە راوەستاون‌و دەگرین، لەژێر چەرچەفەکەوە بیرم بۆ ئەمانە چوو، من متەقم نەدەکرد. کەمێکی تر هەڵم دەگرن، وا هەڵیان گرتم، جلەکانیان لەبەرم داکەند، ماوەیەك دەوروبەرم خامۆشبوو، هەموویان بێدەنگبوون، ئاویان بەسەراکردم، پێم خۆشبوو، بەخۆم دەڵێم: (ئیتر چیت دەوێ؟!). زۆری نەبرد پارچە قوماشێکیان تێوە ئاڵاندم، بۆنی قوماشی نوێی لێوەدەهات. لەبەر خۆمەوە دەڵێم: رەنگە بۆ لای دکتۆرم ببەن. ئەوە چەند رۆژێکە خۆم نەشۆریبوو. پیاو بەم هاوینە خۆی نەشۆرێ بۆنەکەی پیاو دەکوژێ!. ئەوە من دەستوپێم رەقهەڵاتوون‌و توانای جوڵانەوەیانم نییە. وا لەسەر پشت درێژیان کردوومەتەوە، لەسەر تەختەیەکی تەسك درێژیان کردووم. ئەوە خۆ من نازانم ئەمڕۆ چ رۆژێکە، تۆ بڵێی ئەمڕۆ جەژنی کرێکاران بێ؟! یان ئەم قەرەباڵغییە بۆ ناڕەزایی دەربڕین بێ..؟ وابزانم شتێك رویداوە. ئەوەی راستی بێ نەخۆشییەکەم بۆ ماوەیەکە لە خوێندنەوەی کردووم‌و ئاگام لە دەنگوباسەکان نەماوە. دەزانم رووداوەکان رویانداوە، بەڵام هۆکارەکانی نازانم. ئەوە وەك رێپێوانێك خەڵکێکی زۆر بەدوامەوەن‌و منیشیان لەسەر شانیان داناوە، بەکاوەخۆ هەنگاو دەنێن. وتم رەنگە نەخۆش بم‌و وا بۆ عیلاجم دەبەن، بەڵام لەوانەشە ئێمە بەشداریی راپەڕینێك بکەین ئێستا. ئا من وام وەك نووسینەکانم، نەخۆشم‌و لە خەڵکەکەش دابڕێم‌و بەشدارییان دەکەم، هەندێ لە شیعرەکانی خۆم لەیادە، شیعرە شۆڕشگێڕەکانم، لەگەڵ خۆمدا بێدەنگ دەیلێمەوە. بەملاوبەولادا دەڕوانم، یاخود سەرمە بەملاوئەولادا دەکەوێ.. دواجار بەخۆم دەڵێم رەنگە ئەمانە دڵیان بە من بسووتێ. سەرم لێ تێکچووبوو، تێنەدەگەیشتم مەسەلە چییە. لەشوێنێ وەستاین، منیان لەسەر شانیان داگرت، لەسەر زەوییەکە دایاننام، دەمدی بەیەکادەهاتن، وەك کارێکی گرنگ ئەنجامبدەن وابوون. دنیا گەرم داهاتبوو، ئارەقەم کردبوو، بەو گەرمایەو لەبەر ئەو هەتاوە راوەستانەمان زانیم کارێکی جیدییە. زۆرجار ئاوا رادەوەستاین، جارجاریش هاوارمان دەکرد (بژی.. بژی.. با بژی..)، بەڵام راوەستانەکەی ئەمڕۆ سەرم لێ دەناچێ لەبەر چییە. هەندێ لەوانەی راوەستابوون پەشۆکابوو، هەندێ دەگریان، هەندێ بێدەنگ دەگریان و هەندێك بەدەنگ. من هەر وای بۆ دەچووم رەنگە نەختێکی تر بۆ دکتۆرم بەرن. هەڵیان گرتم‌و لە شوێنێکی تەخت دایاننام، هەر لەو تەختەیەی دکتۆر دەچوو، کە دەیانبردم بۆ چارەکردن. لەپڕ بۆنی خۆڵ بەگژماچوون، خۆڵیان بەسەرما کرد، کەوتمە ناو تاریکییەکەوە هیچم نەدەدی، خەڵکەکەش وەك بەفرێ بتوێتەوە ئاوا نەمان‌و رۆیشتن. دڵم سەغڵەت بوو، وەك گوللەیەك بەناخما رۆچێ، ئاوا هەستم دەکرد. گوڕم دایە خۆم هەستم، لەپڕ سەرم بەرزکردەوە، لووتم لە بەردێکی سووربای دا، کە بەسەر سەرمەوەیان دانابوو.

---

*لە تورکییەوە بە کوردی کراوە، (یورد) ژمارە (8)ی ساڵی 2007.

# له فۆلکلۆری تورکمانییەوە

## حەکایەتی ئارزیو قەمبەر*

هەبوو نەبوون، دوو برا هەبوون، یەکتریان زۆر خۆشدەویستو هەرگیز لە یەك جیانەدەبوونەوە. هەردووك ژندار بوون، ژنەکانیان سکیان هەبوو. ئەم دوو برایە، شەوانە پێکەوە دادەنیشتنو حەکایەتیان دەگێڕایەوە. شەوێکیان برا گەورەکە بە برا بچووکەکەی گوت: هەردووکمان ژنەکانمان دووگیانن، ئەگەر ژنەکەی من کچی بوو و ئەوەی تۆش کوڕی بوو ئەوا با بۆ یەکتربن، خۆ ئەگەر ئەوەی تۆ کچی بوو، ئەوەی منیش کوڕی بوو، هەر بۆ یەکتر بن. هەردوو برا دەستیان لەناو دەستی یەکتر نا، یەکتریان ماچکردو بەڵێنیان دا.

لە مانگو ڕۆژی خۆیدا، ژنی برا گەورەکە کوڕێکی بوو، ژنی برا بچووکەکەش کچێك. کوڕەکەیان ناو لێنا (قەمبەر)و کچەکەشیان ناونا (ئارزی).

ئەمانە هاوسێ بوون، بەیەکەوە دەژیانو گەورەبوون، گەیشتنە نۆ ساڵی، قەمبەر دایك و باوکی مردن، یەتیم مایەوە. مامی هێنایە لای خۆی، وتی: ژنەکە، براکەم وەسیەتی کردووە، دەبێ بەخێوی بکەین، بەمجۆرە قەمبەر لە ماڵی مامەی مایەوە. ڕۆژێك مامەی قەمبەر دەستی ئارزیو قەمبەری گرتو بردنی بۆ لای (مەلا). بە مەلای گوت: مەلا ئەم کچە، کچی منە، کوڕەکەش، برازامە، کچەکە ناوی (ئارزی)یەو کوڕەکەش ناوی (قەمبەر)ە، هەردووکیان وەکو (ئامانەتێ) دایاندەنێم تا فێری خوێندنیان بکەیت. مەلا وتی: سەرچاو.

ئارزیو قەمبەر یەك دوو ساڵێ لەلای مەلا دەیانخوێند، فێری نووسینو خوێندن بوون. سێیەم ساڵ هەردووکیان لە خوێندن ساردبوونەوە. مەلا بەشوێن باوکی (ئارزی)دا هەنارد، باوکی ئارزی هاتە لای مەلا: ئەمرکە مەلا..

مەلا وتی: دەمەوێ شتێکت بۆ بڵێم، من وایدەبینم ئەم دووانە عاشقی یەکترن. دوێنێ قەمبەر شیعری بۆ ئارزی دەخوێندەوە. وتم قەمبەر ڕۆڵە ئەم شیعرە هی کێیە؟ قەمبەر وەڵامی دامەوە. قەمبەر بە ئارزی ئاوای دەگوت:

(روحم هەمیشە لەلاتە

دەبا چاوتم لێ ون نەبێ).

ئارزی وەڵامی قەمبەری دایەوە:

(چاوم هەردەم لە تۆیە

عەشقت وا لەدڵمایە).

باوکی ئارزی وتی: مەلا چارە چییە؟

وتی کوڕم، ئەمانە لای من جێگایان نابێتەوە، دەترسم بەڵایەکم بەسەرا بێنن.

باوکەش، ئارزیو قەمبەری گەڕاندەوە ماڵێ.

بۆ سبەینێ بە قەمبەری گوت: ئەم بەرخۆڵانە ببەرە ئەو دەشتە بۆ لەوەڕاندن، بە ئارزیشی گوت: تۆ لەماڵەوە لەگەڵ دایکتا خەریکی ئیشوکاری ناماڵ بە.

هەموو بەیانییەك زوو قەمبەر لەخەو هەڵدەستاو بەرخۆڵەکانی بۆ ئەو دەشتانە دەبرد، ئێوارەش دەگەڕایەوە ماڵێ. ئەوەند ماندووبوو هەر ئێوارە بوو دەچوو دەخەوتو نەیدەتوانی لەگەڵ (ئارزی)دا قسە بکات.

ئەم دوو عاشقە ئۆقرەیان لێ بڕابوو، کە نەیاندەتوانی بە ئارەزووی خۆیان یەکتر ببینن.

ڕۆژێ ئارزی ویستی بڕوا لەو چۆڵە قەمبەر ببینێ. وتی: دایە، (کونە)یەکم بدەرێ بڕۆم ئاو بێنم. دایکی کونەی بە ئارزی دا وتی: زوو وەرەوەو خۆت ماتەڵ مەکە. ئارزی کونەی هەڵگرتو ڕۆیشت. تەماشای کرد وا قەمبەر بەرخۆڵەکان دەلەوەڕێنێ، ئارزی بۆ سەر ئاوەکە شۆڕبووەوە، قەمبەر (سازی) لێدەدا:

(ئارزی چووە سەر کانی

وا دەیبینم لێرەوە

ئێرەو تەبریزو مەراغا

دەکەمە دیاری بۆ ئارزی)

ئارزی وەڵامی قەمبەری نەدایەوە.

کونەکەی پڕکرد، بازنەکانی لە قۆڵی دەرکرد، دەموچاوی شۆری.

قەمبەر هاتە لای ئارزیو بەسەر سەریەوە وەستا وتی:

مەلا کوێر بێتو لەیەکمانی دوورخستەوە.

ئارزی وتی:

(زۆر نابا دابڕانمان

مەلامان نابینابێ)

ئارزی کونەی خستە سەرشان و وتی: قەمبەر ئێستا دایکم چاوەڕوانمە، بزانێ تۆم بینیوە بە باوکم دەڵێ، ئیتر ناهێڵن بۆ سەراو بێم.

ئارزی گەڕایەوە ماڵێ، تەماشای کرد بازنەکانی لەبیرچووە، دایکی وتی بەپەندبی، قڕت ببڕن، بۆ وا دواکەوتی، خۆ لەگەڵ قەمبەردا نەبووی؟. ئارزی وتی: نەوەڵلاً، ئەوەندە پەلەم کرد بازنەکانیشم لەبیرچوو لەسەر ئاوەکە. دایکی قژەکەی ئارزی راکێشا، قوڵچەیەکی لێ هەڵکەند، هەرچیی بەدەمدا هات بە ئارزی گوت. ئارزی وتی: دەبا بڕۆم بازنەکانم بهێنمەوە. زوو بە ڕاکردن چووە سەر ئاوەکە، بازنەکانی نەبینیەوە، قەمبەری بینی بەرخۆڵەکانی دەلەوەڕاند.

ئارزی وتی:

(کونەکەم لە ئاوێ پڕکرد

دام بەشاندا

قەمبەر لە عیشقی تۆدا

بازنەکانم لێ بەجێما)

قەمبەر سازەکەی هەڵگرت و وتی:

(هۆ گوڵشەنێ گوڵشەنێ

زەوی بە گوڵ نەخشاوە

بەسەر بازنەکانتەوە

پێم بڵێ یەك نیشانێ)

ئارزی:

(هۆ گوڵشەنێ گوڵشەنێ

زەوی بە گوڵ نەخشاوە

بەسەر بازنەکانمەوە

ئارزیو قەمبەر نیشانێ)

قەمبەر:

کچان کونە پڕدەکەن

ئەوەی بازنی دۆزیبێتۆ

چیی پێدەدەی بە دیاری)

ئارزی وتی:

(کچان کونە پڕدەکەن

ئەوەی بازنی دیبێتۆ

گیانمی دەدەمێ بە دیاری)

قەمبەر، ئارزی لە باوەش دەگرێ، پێی دەڵێ: دایکت وتی چی؟.

ئارزی وتی:

(دایکم یەجگار زاڵمە

دەرد یەك نییە، هەزارە)

قەمبەر بازنەکان دەکاتەوە قۆڵی ئاززی. ئاززی دەگەڕێتەوە ماڵێ، هەمدیس دایکی دەکەوێتە قسەکردن، دەڵێ: دەبا باوکت بێتەوە، ئەوجا یەکتر دەبینین.

ئێوارە باوکی ئاززی گەڕایەوە ماڵێ، ژنەکەی وتی:

من بەدەست ئەم کچەوە سەرم سوڕماوە، ئەمجارە دەچێتە دەرەوە تا قەمبەر ببینێ.

مێردەکەی بیریکردەوە، بیریکردەوە، وتی: باشە چی بکەین تا لەیەکیان دوور بخەینەوە؟.

ژنەکە وتی: ئێستا من هەندێ شیری خۆم لە قاپێ دەنێمو تێکەڵی ئەو شیرەی دەکەم، کە لە ماڵەوەیە. دەیماسێنمو دەرخواردی قەمبەری دەدەم، دواجار پێی دەڵێم، ئەوەی خواردت شیری منیشی تێدابوو، بۆیە تۆ دەبیتە برای ئاززی.

مێردەکەی وتی: ئەی ئافەرین ئافرەت، ئەمەت چۆن بیرکەوتەوە؟. ژنەکە قاپێکی هێنا شیری خۆی تێکرد، تێکەڵی شیری پەزەکانی کرد. ئێوارە قەمبەر هاتەوە. ژنەکە قاپەکەی لەبەردەم دانا، ئاززی چاوی لێبوو، ئاگاشی لەم کەتنە هەبوو، ئاگری تێبەربوو، نەیدەزانی چی بکات.

وایگوت:

(راوچی تیری وەشاندە

مەڕو بەرخوولە نووستوون

وریابە تامی نەکەی

شیری دایکمی تیایە)

قەمبەر، هیچی نەخواردو وتی:

(پڕ حەوشەمان لە بەردە

چاویشم پڕ لە فرمێسك

یەك مەمکمان نەمژیوە

نابینە خوشكو برا).

قەمبەر هەستا، لەژێر سەبەتەکە پیازێکی هێناو نانێکیشی لە سفرەکە دەرهێنان، خواردیو رۆیشت نووست.

دایکی ئاززی هات، قژی ئاززی-ی گرتو رایکێشا.. وتی: پرچت بوڕن، ئەوە چیت بە قەمبەر وت؟ دڵت بتەقێ، خۆت بکوژی بەنسیبی قەمبەر نابی.

باوکی ئاززی گەڕایەوە ماڵەوە، تەماشا دەکا ئاززی دەگری، وتی: چیتە بۆ دەگری. ئاززی وەڵامی نەدایەوە، دایکی هاتە دەنگ: کچە وا واکەت کەوتۆتە داوی عەشقەوە، هەموو شتێك بۆ قەمبەر دەگێڕێتەوە.

بۆ بەیانییەکەی قەمبەر لەو کاتەی بەرخۆڵەکانی بۆ ئەو دەشتە دەبرد، دایکی ئاززی وتی: قەمبەر یەکێ لە بەرخەکان بەجێ بهێڵە گۆشتمان نییە، دەمانەوێ بەرخێك سەربڕین.

قەمبەر بەرخێکی بەجێهێشتو ئەوانی دیکەی بۆ ئەو چۆڵەبرد. باوکی ئارزی بەرخەکەی سەربڕی، دایکی چێشتی لێنا، هەندێ ژاری هێناو کردییە ناو قاپێکو لەژێر تەشتێکی دانا. ئێوارە قەمبەر گەڕایەوەو وتی: برسیمە مامۆژن. مامۆژنی وتی: گۆشتم سوورکردۆتەوە، بەشەکەی تۆ وا لەژێر تەشتەکەدایە. ئارزی ئۆقرەی لێ بڕا، بە مەسەلەکەی دەزانی. لەبەر خۆیەوە وتی: قەمبەر ئەو گۆشتە بخوا دەمرێ..

ئارزی وتی:

(قەمبەرەکەم غەم مەخۆ

پێمان مەڵێ برسیمە

ئەو خواردنەی لە پێشتە

ژەهری تێدایە مەیخۆ)

قەمبەر گۆشتەکەی نەخوارد، بە برسێتی سەری نایەوە، بەیانی هەمدیس بەرخەکانی بۆ دەشت رادا.

هاوسێیەکی ماڵی ئارزی حەوت کوڕیان هەبوو، بۆ یەکێ لە کوڕەکانی داوای ئارزی کرد. باوکو دایکی ئارزی داواکەیان قەبووڵکرد. ئێوارە کە قەمبەر گەڕایەوە، بەدەم گریانەوە قەمبەری ئاگادارکردەوە.

قەمبەر وتی:

(هیچ چارەم نەماوە من

برینم بەسۆیە من

گەر تۆ بە (گاتا) بدەن

هەناوم دەسووتێ من)

ئارزی وتی: قەمبەر برۆ بۆ لای پاشا، سکاڵای خۆتی بۆ بکە، بەڵکو یارمەتیت بدا. قەمبەر هەستا چوو بۆ لای شا شکات بکات. دوای چەند رۆژێ گەیشتە بارەگای پادشا، دەردی دڵی خۆی بۆ پاشا گێڕایەوە. پادشا بە (ساز) ژەنینەکەی زانیی ئەمە عاشقە.

قەمبەر سازەکەی بەدەستەوە گرتو بەدەم سازژەنینەوە وتی:

(پادشای لە پادشاوە بوو

هاتووم سکاڵاکەم لای توو

هیچ شتێکم پێ ناکرێ

ئارزیشم وا لەدەستچوو)

پادشا وەزیری دەستەڕاستی بانگکرد. فەرمانی پێ دا تابووری عەسکەر بە قەمبەر بدەن، با بڕوا دڵدارەکەی بخوازێ، ئەگەر باوکی کچە رازی نەبوو، ئەوا بە زۆر لە باوکی بستێننو بە باڵبەستی بۆم بهێنن.

قەمبەر لەگەڵ تابووریٚ عەسکەر بەڕێکەوتن. تابوورە عەسکەر هێشتا نەگەیشتبوونە مەملەکەتەکەی ئارزی، دایکی ئارزی پیرەژنێکی بانگکرد، وتی: داپیرە، قەمبەر بۆ لای پادشا بۆ شکات چووە، دەترسم بە زۆر کچەکەم لەدەست بستێنن، من ئەوەندە زێڕت دەدەمێ، تۆ بەڵکو پیلانی دەکەیتو عەسکەرەکان دەگەڕێنەوە.

پیرەژن وتی: تۆ قازانی حەلوا ئامادەبکە، لەگەڵ تەنووریٚ ناندا، ئیتر هەقت نەبیٚ.

دایکی ئارزی ئەوەی پیرەژن وتی وای کرد.

پیرەژن هەر نانێکو چنگیٚ حەلوای تێداناو چووە گۆڕستانەکە، لەسەر قەبرێك کە تازە ناشتبوویان دانیشت، چەند رۆژیٚ چاوەڕێی کرد، لەپڕ لە دوورەوە تابووریٚ عەسکەری بینی وا دەهاتن، وتی بێت و نەبێت ئەمانە لەگەڵ قەمبەردان.

زۆری نەبرد عەسکەرەکان لەگەڵ قەمبەردا گەیشتن، پیرەژنێکیان بینی وا لەسەر گۆڕێك دەگریو قژ دەڕنێتەوە. قەمبەر پرسیی: پیرەژن ئەوە گۆڕی کێیە؟ بەدەم سازلێدانەوە وای گوت:

(بۆ بەسەر خۆتا دەدەی

هاورو فیغان دەکەی

دەپێم بڵیٚ کێیە مردە

وا قەستی روحم دەکەی؟).

پیرەژن وتی:

(مردن رێگای هەمووانە

ئەمیش رازییە بەوە،

کچی تەنیای دایکی بوو

ئەوەی مردە ئارزییە).

قەمبەر هەناسەیەك هەڵدەکێشیٚ، باڵندەکانیش دەست بە فیغانو گریان دەکەن، عەسکەرەکانیش دەستیان بە گریان کرد. قەمبەر دەستی خستە سەر گۆڕەکەی ئارزیو فرمێسکی خوێنینی رشت، ماوەیەك وا مایەوە، ئینجا رووی کردە عەسکەرەکان و وتی: ئێوە بگەڕێنەوە. عەسکەرەکان دلگرانو غەمگین گەڕانەوە، قەمبەریش لەسەر گۆڕەکە مایەوەو دەگریا.

پیرەژن قەمبەری کڕ کردەوە. قەمبەر وتی: داپیرە کەی مرد؟.

وتی: رۆڵە ددوای تۆ بە سیٚ رۆژ.. وا هاتووم خێری ئارزی دەکەمو حەلوا دابەشدەکەم. قەمبەر وتی: داپیرە من چوومە لای پادشاو ئەم عەسکەرانەم هێنا تا بیخوازم.

پیرەژن قەمبەری لەسەر گۆڕەکە بەتەنیا بەجێهێڵاو رۆیشت. ئێوارە ئەو کاروانانەی لەوێوە تێدەپەڕین قەمبەریان بینی. یەکێکیان وتی: رۆڵە مردن ئەمری خودایە، تۆ بۆ وا لە خۆت دەکەیت و دەگری؟.. خوا بەمە رازی نابیٚ، هەستە بڕۆ. قەمبەر هەستاو چووە ماڵی مامەی. لەبەر دەرگا وەستا. ئارزی قەمبەری بینی و وتی:

(ئەوە قەمبەرە لە دەرگا وەستاوەو ملی لارگرتووە، تۆ بۆ لای پادشا ڕۆیشتبووی. کوا هەڕەشەو گوڕەشەی قەمبەر؟).

قەمبەر وتی:

(کردی پیرەژن کردی

پێستو ئێسکی جیاکردەوە

تابووریش گەڕایەوە

کردی پیرەژن کردی).

قەمبەر چووە حەوشەوە، لە قارو غەمدا بێ شام سەری نایەوە. بەیانی ساڵی (گات) هاتن. جیهازی بووکێنییان کڕیبوو، لە ماوەی حەوتوویەکدا هەموو شتێك ئامادەکرا. ڕۆژی پێنجشەمە دوای نیوەڕۆکەی هاتن ئارزی بڕازێننەوەو بووکێ ببەن، هەردوو عاشقەکەش مردنیان لەیەك جیابوونەوەیان پێ خۆشترە، هەردووك فرمێسك دەڕێژن.

قەمبەر لەبەر دەرگا ڕاوەستا، ئافرەتێك هات ئارزی بڕازێنێتەوە. قەمبەر وتی:

(دەستی زاڵمان بشکێ

وێران بێ حاڵوماڵیان

ئەوەی ئەیڕازێنێتەوە

هەر دە پەنجەی بتوێتەوە).

یەکسەر دوعای عاشقی ڕاستەقینە گیرابوو، هەر دە پەنجەی ئافرەتەکە وەك مۆم توانەوە.

ئەوانەی هاتبوون ئارزی بە بووکی ببەن سەریان سوڕما. ئیتر کەس نەیوێرا بێتو ئارزی بڕازێنێتەوە.

ئافرەتێکی قەیار وتی: من ئارزی دەڕازێنمەوە، دەبا پەنجەکانی من بتوێنەوە. هاتو چووە لای ئارزی تا بیڕازێنێتەوە. دەستی بە ڕازاندنەوەی کرد.

قەمبەر وتی:

(من قەمبەرم وەك چیام

هەروەك گەلا دەلەرزم

ئەوەی دەیڕازێنێتەوە

ڕەشپۆش بێ وەك قەلەڕەش).

هێشتا لە ڕازاندنەوەی نەبووبووەوە، منداڵێك بە هەڵەداوان هات، وتی: پورێ ماڵەکەتان ڕووخا، مێردەکەتو منداڵەکانت لەژێر خانووەکە مانەوە. ئافرەتەکە دەستی لە ڕازاندنەوەی ئارزی هەڵگرتو بە هاوارو گریان ڕۆیشتەوە.

ئافرەتەکان لە دەرەوە بەسەر سوڕمانەوە دەیانڕوانییە یەکتر، هەموویان ترسان ئارزی بڕازێننەوە. بە هەر کێیەکیان دەگوت، کەس ئامادە نەبوو.

قەمبەر چووە لای مامۆژنی، وتی: ئامۆژن من ئارزی دەڕازێنمەوە، بێجگە لە من هەر کەسێ ئارزی بڕازێنێتەوە پەنجەکانی دەتوێنەوە.

ئافرەتەکان وتیان: دەبا بیڕازێنێتەوە، چیی تێدایە؟، قەمبەر کوڕە مامێتی.

دایکی ئارزی وتی: قەمبەر لێرەش پەشیمانمان نەکەیتەوە. قەمبەر وتی: من بەمەرجێ دەیڕازێمەوە، هەر کوێیەکیم رازاندەوە ئەوێی رادەمووسم!. وتیان: با وابێ.

قەمبەر دەستی بە ڕازاندنەوەی ئارزی کرد، جلی بووکێنیی لەبەرکرد، لەپێشیشدا دەستوچاو، سەری ماچکرد. رازاندییەوە، کاتی ئەوە هات بووکە ببەن، قەمبەر چوو لەبەر دەرگا وەستاو وتی:

(ماڵی (گات) وێرانە بێ

وا منت تووشی دەرد کرد

کێ سواری ئەسپی دەکات

لە چۆلا ئەسپی بمرێ)

ویستیان بووکە سواری ئەسپ بکەن، ئەسپ لەناکاو کەوتو مرد.

حەوت ئەسپیان هێنا، هەر حەوتی بەو دەردە چوون.

مامەی قەمبەر هات و وتی: قەمبەر چەندت پارەو ماڵ دەوێ، دەتدەینێ. بڕۆ و لەکۆڵمان بەرەوە.

قەمبەر وتی: مامە، عەشقی من بە پارە ناکڕێ. من ئارزی بە هیچ شتێ ناگۆڕمەوە. دەتەوێ من سواری ئەسپەکەی خۆمی دەکەمو جڵەویشی خۆم دەیگرم.

مامەی رازی بوو. قەمبەر چوو ئەسپەکەی خۆی هێنا، ئارزی سەرخستە سەر ئەسپەکەو جڵەوەکەشی بەدەستەوە گرت.

ئەمە وەك چوونمانە بۆ سەربڕینی خۆمان، ئارزی خۆت رێکخەو کاتی فرمێسك رشتن نییە..

ئارزی وتی:

(خۆت رابگرە قەمبەر

حەسرەتی تۆم لەبیر ناچێ،

ئاوزەنگییەکەم بۆ بگرە

خوێن دەڕێژێ چاوانم).

بووکە گەیشتە ماڵی زاوا، چووە حەوشەوە، قەمبەر لەبەر دەرگا راوەستا.

ماڵی (گات) حەوت کوڕ بوون، هاتن قەمبەر دووربخەنەوە لەبەر دەرگای ماڵەکەیان، ناشۆیرن نزیکی قەمبەر بکەون. خوێن بەرچاوی قەمبەری گرتووە، عاشقە، عاشقیش ئازا دەبێ. یەکە یەکە هاتن، قەمبەر یەکەیەکە بۆریانی داو لە دەستی هەڵهاتن، ئەمجا لەگەڵ باوکیانا پێکەوە هێرشیان بۆی هێنا. زۆریان لە قەمبەر دا، خوێناوییان کرد.

قەمبەر وتی: کوڕە بستەباڵاکەی (گات)و ئارزی بووە بووکی تۆ، بەڵام من (کەرە)کەیم خواردووەو (دۆ)کەشی بۆ تۆ ماوەتەوە!.

ئارزی گوێی لێ دەبێ، دەڵێ:

(تۆ منت کردە خانم

ئەشکی خوێنینتیش پێ ڕشتم

تۆ بوختانم بۆ پێدەکەی

کەی من کاری وام کردووە؟).

قەمبەر وتی:

(تۆ لە لای من خانمی

ئەشکی زۆرم بۆ ڕشتی

لەبەر تۆ زۆریان لێدام

بۆیە بوختانم کردی).

بە چوار پێنج کەسەوە قەمبەریان لە سەربانی ماڵی (گات)ەوە فڕێدایە خوارەوە، کەس هەڵینەگرت، بەدەم ئازارو برسێتییەوە لەوێ بەتەنها مایەوە. قەمبەر لەبەر خۆیەوە هەر نزای دەکرد: خودایە لەم دەردە ڕزگارم بکەو ئارزی بەقیسمەتم بکەو بۆ کەسی تر نەبێ.

زاوا شەوێ چووە لای بووکێ. بەرلەوەی بچێتە پەردەوە، دوو ڕکعات نوێژی بەست، خەریکی نوێژبەستن بوو. لەبان بەرماڵەکە کەوتو مرد!.

لە دەرەوە هەر چاوەڕوانی زاوایان کرد دەرنەچوو، چوونە ژوورەوە تەماشایان کرد بووکێ لە پەردەدا دەگریو زاواش لەسەر بەرماڵەکە مردووە.

باوکی زاوا هاتو تەرمی کوڕەکەی بردە ژوورێکی ترەوە. بە مەلای گوت: من حەوت کوڕم هەیە مارەی ئارزی لە کوڕێکی دیکەم ببڕن. مارەیان بڕی، ئەویش هەر دەرنەچوو تەماشایان کرد مردووە.

بەمجۆرە ئارزیان لە هەموو کوڕەکانی مارەکرد، هەمووشیان لە پەردەدا دەمردن. تابووتیان هێنا بۆ هەر حەوت کوڕەکەی (گات)و لە گۆڕستان ناشتنیانن.

ئەمجا بە مەلای گوت: ئارزی لەخۆم مارە بکەن. مەلا ئارزی لە باوکی کوڕەکان مارە کرد. باوك لەپشت پەردەوە بە ئارزی گوت: ئارزی تۆ بۆ حەوت کوڕەکەم حەوت ڕۆژ پرسە بگرە، دوای حەوت ڕۆژەکە دێمە لات.

ئارزی هەر دەگریاو وەڵامی نەدایەوە.

ئارزی دوای یەك دوو ڕۆژ چووە سەربان، قەمبەری-ی لەسەر ئاوەکە بینی. ئارزی بە دەنگی بەرز ڕووی لە قەمبەر کرد:

(قەمبەر قەمبەر تۆ لەکوێی؟

بۆ وا وێڵو داماوی؟

بزانم ڕزگار دەبم

خۆم دەخەمە خوار لەم بانە).

قەمبەر وتی:

(خۆت مەخەرە خوار لەوبانە

ئەوەی وتمان لەبیر مەکە

دەوەرە لام بابیینم

ئەشکی خوێنینی چاوت).

ئارزی وتی: دەترسم بێم بۆ لات، (گات) بمبینێ دەمگوژێ. قەمبەر چەندی لێ پاڕایەوە ئارزی نەڕۆیشت.

قەمبەر خۆی فڕێدایە ناو رووبارەکەوە، خەریکبوو بخنکێ.

ئارزی وتی:

(رووبارەکە وشك کەی یاخوا

کەوتە ناو ئاوەوە ساز

قەمبەر وا ئاوەکە بردی

فریامان کەوە خدر ئەلیاز)

خدر ئەلیاز قەمبەری لە خنکان رزگارکرد. ئارزی وتی: راوەستە وا دێم. ئارزی بەپەلە لە سەربان هاتە خوارەوەو چووە کن قەمبەرو دەستی لەملی کرد.

ئارزی قەمبەری بینی عیشق هێزو توانای تێدا نەهێشتووە، رەنگی زەرد هەلگەڕاوە، چاوی چۆتە قولایی.

قەمبەر رووی کردە ئارزی:

(دلم چۆتە سەر ئارزی

زالم ئارزی لە من دزی

فەلەك چەرخی وەرگەڕێ

وا منی بەم حالە برد).

ئارزی:

(خۆم بەدەستەوە نەدا

جلی بووکێنیم فڕێ دا

هەر حەوت کوڕەکەی مردن

نەمهێشت بێنە لامەوە)

قەمبەر وتی: شەوان تێدەپەڕن‌و بەیەك نەگەیشتین، دوای تۆ ژیان بێ مانایە.

ئارزی:

(من ئارزیم من نەرگزم

من نسیبی قەمبەرم

بە یەزدانێ سوێند دەخۆم

ئێستاکەش هێشتا کچم)

قەمبەر وتی:

ئارزی.. من ژیانم دەکەمە قوربانی تۆ،

ئێستە دەزانم چەند بەوەفای، تەمەننا دەکەم

سەر بنێمە سەر رانتەوەو گیانم دەرچێ.

ئارزی لەسەر رووبارەکە دانیشتو قەمبەر سەری خستە سەر ڕانی، ماوەیەك بەوجۆرە مانەوە.

ئارزی دەستی برد بەردێکی هەڵگرتو خستیە ژێر سەری قەمبەر، وتی: دەترسم بمانبینن. گەڕایەوە، تەماشای کرد (گات) لە ماڵ نییە، هەمدیس چووە سەربانەکە، تەماشای کرد قەمبەر خەوتووە:

(وەخت تێپەڕیو شەو هات

لە رێی عەشقا وامان لێهات

غەم دەخۆینو غەم دەچێنین

سەیرە کەوا هێشتا ماوین).

قەمبەری وەڵامی نەدایەوە. وتی وا دیارە قسەکانی قەمبەر هاتەدیو لەسەر رانم بەدەم حەسرەتەوە گیانی دەرچووە.

چەقۆیەکی هەڵگرتو چوو بۆ لای قەمبەر، تەماشای کرد قەمبەر مردووە. ئارزی وتی: دوای قەمبەر من بۆ بمێنم، چەقۆیەکی لە دڵی خۆی دا، کەوتە سەر قەمبەر.

ئەو پیرەژنە مەکربازەی لەمەڕ خۆمان، وتی: بابڕۆم بزانە ئارزی چی دەکات. چووە ماڵی (گات) وتی: کوا ئارزی؟ (گات) وتی: وا لە ماڵەوەیە.پیرەژن چووە ماڵەوە، ئارزی نەدی. (گات) وتی: رەنگە لە سەربان بێ. چووە سەربان لەوێ نەبوو. تەماشای لای رووبارەکەی کرد، لەوێ تارمایی بینی. رۆیشت، ئارزیو قەمبەر بەتەنیشت یەکەوە مردبوون.

(گات) وتی: هەمووی گوناهی تۆیە پیرەژن، تۆ ئەم بەزمەت کرد. بە شمشێر پیرەژنی کوشت. دواجار ئارزیو قەمبەریان بەتەنیشت یەکەوە ناشت، پیرەژنەکەشیان لە دووری ئەوانەوە ناشت.

---

*لە تورکمانییەوە کراوە بە کوردی.

*لە کتێبی اعراق تورکمن فولکلوروندان ئورنەکلر‌ا‌وە- کۆکردنەوەی/ عەبدوللەتیف بەندەر ئۆغلو.

# شانۆیی منداڵان

## سێ مانگاو شێرێ



**تەحسین شێخ ئۆغلو**

(سێ منداڵ، جلەکانیان وایان نیشاندەدا سێ مانگان. هەر یەکەو ماسکێك بەڕوویانەوەیە. ماسکەکان بە سێ ڕەنگ بۆیەکراون. ماسکێك سپی، ماسکێکی تر ڕەش، یەکێکیش سوور. پەردە دەکرێتەوە، هەر یەکەو لە لایەکی شانۆکە وەستاون).

(یەکێکیان بەنیازە بچێتە دەرەوە، لە لایەکی شانۆکەوە)

سوورە: بۆ کوێ هاوڕێ؟

ڕەشەکە: دەچمە ناو ئەو دارانە.

سوورە: (سپیەکەش دەیەوێ بڕوا) ئەی تۆ بۆ کوێ؟.

سپی: دەچمە کەناری رووبارەکە.. کەمێ دەگەڕێمو شتێکیش دەخۆم. نایەی؟.

سوورە: من لێرە دەمێنمەوە. حەزم دەکرد نە ڕەشەو نە تۆ نەڕۆنو لێرە بمێننەوە.

ڕەشەکە: من لەخزمەتدام، چاوەڕێی فەرمانی تۆ دەکەم.

سوورە: (بە سپیەکە) زۆرت پێ نەچێ، چونکی شێر میوانمانە. هەواڵت بپرسێ تۆ لێرە نەبی جوان نییە.

سپیەکە: زۆر باشە.. زوو دێمەوە.. (دەردەچێ).. دوای ماوەیەك منداڵێك بە بەرگی شێرەوە دێتە ژوورەوە.

شێر: ئەم کاتەتان باش.. چۆنن مانگایانی هاوڕێم؟..

هەردوو مانگاکان: ئەم کاتەت باش، پاشای زەمان.

شێر: ئەی هاوڕێ سپیەکەتان دیار نییە، بۆ کوێ ڕۆیشتووە؟

ڕەشەکە: چۆتە ناو لێرەوارەکە.. ئێستا دێتەوە.

شێر: ڕێگام دەدەن ئامۆژگارییەکتان بکەم؟

سوورە: گوێت لێ دەگرین.. ئەی پاشای ژیرمان.

شێر: ئێوە دەزانن لەم دارستانەدا هەموو ئانوساتێك لە بەلای راوچییەکانەوە نزیکین.

ڕەشەکە: بەڵام ئێمە پاشایەکی بەهێزو بەتوانامان هەیە، لەژێر سایەی ئەودا دەژین.

شێر: سوپاس ڕەشە.. بەڵام بێزاریی هاوڕێکەتانو چوونە دەرەوەی دەکەوێتە بەر چاوی راوچییەکان، چونکی سپییەو لە دوورەوە دیارە، ژیانی هەموومان دەخاتە مەترسییەوە. من وای دەبینم لەناوی بەرین بۆ هەردوولامان قازانجە.

ڕەشە: بەڵام پاشا، زۆر دڵسۆزەو هاوڕێیەکی دێرینمانە. زوڵم لێکردنی بۆ ئێمە نەنگییەو جوان نییە.

شێر: بۆ ئەوەی نەماندۆزنەوە، لە گوللەی راوچییەکان، لە داویان دەبێ لە سپێتیی ئەو خۆمان رزگارکەین، ئەگینا بە ئاسانی دەمانبینن.

سوورە: فەرمان فەرمانی تۆیە ئەی پاشای ئەم دارستانە.

شێر: عاجز مەبن.. بۆ رزگارکردنی ژیانمانو خۆقورتارکردن لە دەستی ئەو غەددارانە روخسەت بە من بدەن بڕۆم لەناوی بەرمو خۆمان بەمە رزگار دەکەین. (بە توڕەییەوە دەچێتە دەرەوە).

ڕەشەکە: (دوای کەمێ بێدەنگی).. سوورەی برام، ئەمە ئەوپەڕی بێوەفاییە بۆ ئێمە بهێڵین هاوڕێکەمان پارچە پارچە بکات و بیخوات.

سووره: چیمان لەدەست دێ؟. دواجار ئەو بۆ قازانجی ئێمەیەتی.

رەشەکە: دەبێ سوودی بۆ ئێمە چی بێ، ئەگەر ئەو کە هاوڕێمانە لە ئێمەی جیابکاتەوەو بیخوات؟. ئێمەی پێ لاواز دەبین.. دوای ئەو بۆ ئێمەش هەروا دەبێ، چونکی ئەو هێزو توانایەی هەیەتی بۆ زوڵمو جەورکردن بەکاری دێنێ.

سووره: وا مەڵێ هاوڕێ، چونکی ئەو پاشاو دەسەڵات بەدەستەو قازانجو سوودی ئێمەی دەوێت!..

رەشەکە: دەڕۆم بۆ دارستانەکە.. دەچم بە هانایەوە، پێی دەڵێم.. لە دەستی شێری قورتار دەکەم تا پارچە پارچەی نەکردووە.

(خێرا دەردەچێ.. سووره لە جێگاکەی خۆی وەستاوە.. دوای کەمێك شێر دێتە ژوورەوە)..

شێر: سەلامەت لێ بێ ئەی مانگا سوورەکەی هاوڕێم.

سووره: سەلام لە تۆ ئەی پاشای گەورەم.

شێر: لەبەر خۆشەویستیی تۆو بەدیهێنانی بڕیارەکەمو پارێزگاریی ژیانی تۆ ئەوا سپیەکەم خوارد.

سوورەکە: سوپاست دەکەم پاشام.. هەمیشە ئێمە پشتو پەنای تۆینو دوعای خێرت بۆ دەکەین.

شێر: هاوڕێی شیرینم مانگا سوورەکە، ئەوە باش بزانە من دەمەوێ لەم دارستانەدا یارمەتیدەری ئێوە بم.. هیوام یارمەتیدانە، چونکی تۆ خۆشەویسترین کەسی ئەم دارستانەی لەلای من.

سوورەکە: ببوورە قوربان، من یەکێکم لەناو ئاژەڵانی ئەم دارستانە.. فەرمان بە دەستی تۆوەیە.

شێر: نا، نا.. تۆ هەم براو هەم هاوڕێمی. من دەمێکە شتێکم لە مێشکدایە، ئەویش ئەوەیە: ئەگەر لە مانگا رەشەکە نەترسامایە دەمێکبوو تۆم لەگەڵ خۆمدا دەکردە دەسەڵاتداری ئەم دارستانە!..

سووره: تۆ.. خاوەن عەقڵو بیرکردنەوەی.. فەرمانو دەسەڵات هی تۆیەو لە خۆت دەنشێ.

شێر: بۆیە بڕیارم دا تۆ باشووری دارستانەکە بەڕێوە ببەی، کەسیش دەست نەخاتە رێگات، بۆیە بڕیارم دا رەشەکەش لەناوبەرم.

سووره: بەڵام پاشام ئەو هاوڕێمەو وەك برام وایە.

شێر: بۆ بەردەوامبوونی دەسەڵات، حوکمڕەوانی خۆشەویستیو هاوڕێیەتیو برایەتی نازانێ.. من وا دەڕۆم تا بڕیارەکەم بەجێبهێنم.. تا ئەو دەسەڵاتەمان بۆ بمێنێتەوە.. (خێرا دەردەچێ).

سووره: خودایە.. چیم کرد، تۆش ئەی مانگا رەشەکە وا یەکێتیمان تێکچوو.. برایەتیمان نەما، کەوتینە رۆژی رەشەوە، چیمان کرد.. تۆزێکی تر ئەم زاڵمە دێتەوە.. ئەم جانەوەرە.. ئەم بێبەزەییە دەبێ لەگەڵ مندا چی بکات؟. (ماوەیەك تێدەپەڕێ، مانگا سوورەکە هەوڵی خۆشاردنەوە دەدا. پەشۆکاوە..).

شێر: (دێتە ژوورەوە) سەلامەت لێ بێ ئەی هاوڕێ راستەقینەکەم.. عاقڵەکەم.. مانگای عاقڵو خۆشەویست.

سوورەکە: (بە ترسو لەرزەوە) سەلام لە تۆ ئەی گەورەم.. سوڵتانم.. پاشام.

شێر: ئەمەشم جێبەجێ کرد، رەشەکەش تەواو. ئێستا هەردووکمانماینەوە. دەتەوێ حوکمڕانی کام شوێن بکەی؟.. باکوور یا باشوور؟

سوورە: ئەمە بە دەستی خوایە.

شێر: یانی ناتەوێ ببی بە هاوبەشم؟ تۆ هاوڕێی من نیت؟.

سوورە: خوا شایەتە ئەوەی دەیڵێم راستە.

شێر: دەبێ بزانیو لەبیرت نەچێ تۆ مانگایو من شێرم.

سوورە: خەریکبوو ئەمەم لەبیر بچێتەوە لەپێناو دەسەڵاتدا.

شێر: ئێستا خۆ دەزانی.

سوورە: هەموو شتێ دیارو ئاشکرایە. (لەم کاتەدا راوچییەك دیار دەکەوێ، تفەنگێکی بەدەستەوەیەو تەماشای هەردووکیان دەکات..)

شێر: وەرە پێشەوە، ئێستا نۆبەی تۆیە.. بێدەنگ.

سوورە: یەکێ خۆی نەناسێ، گوێ لە کەس نەگرێ، دۆستو دوژمنی خۆی نەناسێ، مردنی باشترە. تۆ توانیت لە یەکمان جیابکەیتەوە، تا لە یەکمانت دانەبڕی نەتخواردین..

(راوچییەکە دەردەکەوێ. لەپێشدا تەقە لە شێرەکە دەکات، شێر دەکەوێ. راوچییەکە دێتە سەر شانۆکە. مانگا سەرسام تەماشای دەکات. راوچییەکە دێتە لای لاشەی شێرەکە).

راوچی: ئەی زاڵم، ئەم مانگا بێگوناهانەت بۆ خوارد؟ نازانی دەسەڵات بە مانگا نادرێ؟، ئەگەر تۆ مەبەستێکت نەبووبێ مانگا چۆن بە شێر دەبێ؟..

سوورە: ئاوا.. ئەی شێری جانەوەر. ئەوەی پشت بە جانەوەرێکی وەك تۆ ببەستێ، وەك ئێمەی لێ دێ، ئەوەش زوڵم بکات ئەنجامی تۆی دەبێ، ئەوەشی

بە هێزی خۆیەوە دەنازێو جەور دەکا، بۆی ناچێتە سەر.

راوچی: ...مانگا سوورە بابڕۆین، جێگای تۆ ئێرە نییە.

(راوچی مانگاکە دەبات و دەڕوا).

---

***لە تورکمانییەوە کراوە بە کوردی، (باریش) ژمارە (17)ی ساڵی** 2004.